ژمارە (٣٠) ئایاری ٢٠١٩

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات

## ژنانی سیاسی لە گەرمیان:

# گۆڕەپانەکە چۆڵ ناکەین

▪ نەوژین

**ئەو ژنانەی لە بواری سیاسەت دا لەگەرمیان کاردەکەن، باس لەوەدەکەن کە ژینگەی کارکردنیان لەبار نییە و دژایەتیەکی زۆر دەکرێن، سەرباری ئەوەش جەختدەکەنەوە کە ئامادە نین گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن.**

یەکێک لەو بوارانەی لەگەرمیان دا کەمتر ژنان تیایدا دەرکەوتوە، کاری سیاسی و حزبایەتییە، بۆ ئەمەش ژنان پاساو و هۆکاری خۆیان هەیە و باس لەوەدەکەن دەرفەتی پێویست و گونجاویان بۆ نەڕەخسێنراوە.

لەوبارەوە (شەیما جەمال کوێخا)، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و نوێنەری ژنان لەمەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان، لەمیانەی دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا دەڵێت: بەش بە حاڵی خۆم لە ماوەی کارکردنم لە بواری سیاسەتدا زۆر دژایەتی کراوم وهەوڵی شکاندن و دور خستنەوەم دراوە.

جەخت لەوەشدەکاتەوە کە سەرباری ئاستەنگەکان، بەڵام کۆڵی نەداوە «چونکە سیاسەت لای من حەز و ئارەزوە، بۆیە هەرگیز کۆڵم نەداوە و هەمیشە براوە و سەرکەوتوبوم».

هاوکات ژنە کارگێڕێکی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جەخت لەو رایە دەکاتەوە و پێیوایە کارکردنی ژنان لە بواری سیاسەت دا لەگەرمیان ئالەنگاری و ئاستەنگی زۆر دێتە پێش.

شیرین شێخ حسێن، لەبارەی هاتنە پێشەوەی ژنانی گەرمیان بۆ کاری سیاسەت و حزبایەتی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ژنان هاتونەتە پێشەوە و رێژەکە زیادی کردوە لەچاو ساڵانی پێشوتر، بەڵام وەک پێویست نیە»، پێیشیوایە ئەو «رێگریی و کۆسپانەی» بۆ ژنان دروستدەکرێت، وایکردوە ژنان ساردببنەوە لە هاتنە پێشەوەیان و نەتوانن بێنە ناو ململانێ سیاسیەکانەوە.

سەرباری ئەو ئاستەنگ و قورسیەی کە باسدەکرێت، بەڵام وادیارە پێداگیریی ژنان لەوەی لە بواری سیاسەت دا رۆڵیان هەبێت، وایکردوە کە بەرەوپێشەوەچونێک لەم بوارەدا بێتە ئاراوە، ئەمەش بەتایبەت لەوەدا دەرکەوت کە بۆ یەکەمجار لە پارلەمانی عێراق، ژنە کاندیدێک لە هەڵبژاردنی ساڵی پاردا توانی سەرکەوتو ببێت و ببێت بە ئەندامی پارلەمانەکە، هەروەک بۆ یەکەمجاریش ژنێک لەگەرمیان بەبێ پشت بەستن بە سیستەمی کۆتا، توانی ببێتە ئەندامی پارلەمانی کوردستان.

شەیما جەمال، لەوبارەوە رو لە ژنان دەکات و دەڵێت: «بەبێ ترس و دودڵی لەو حزب و بزوتنەوەیە دا کار بکەن کە خۆتان قەناعەتتان پێیەتی و گوێ لە قسەی دەوروپشت مەگرن، بەپێچەوانەوە ئەو کۆت و بەندە بشکێنن کە چواردەوری گرتون».

## کچانی رزگاری دەبنە خاوەن پیشە

3««





## خوانی ژنانی گەرمیان لە مانگی رەمەزان دا

6««

## شێوەکارێک چۆک بە «کەمئەندامبون» دادەنێت

7««





ئەو کۆت و بەندە بشکێنن کە چواردەوری گرتون

5««



ژنان گلەییان لە نۆرینگە پزیشکیەکان هەیە

2««



منداڵانی فرێدراو لە گەرمیان چیان لێدەکرێت؟

9««



هەمو شتێک لەبارەی نەخۆشی داخورانی ئێسک و بەکارهێنانی دەرزی چارەسەر

10««

# ژنان گلەییان لە نۆرینگە پزیشکیەکان هەیە



■ نەوژین، رێناس سالەح

**«بیریان لە بارودۆخی نەخۆش نەکردۆتەوە»، بەم دەستەواژەیە، (ئامینە)ی بەتەمەن گلەیی و رەخنەکانی خۆی لە نۆرینگە پزیشکیەکانی کەلار دەردەبڕێت. ئەو کە لە هۆڵی چاوەڕوانی نۆرینگەیەک دا بینیمان، لەبەر نەشیاوی کورسیەکان بە پێوە وەستا بو، سەرباری ئەوەی ئازاری زۆریش لە پشتی دا بو.**

شێوازی بینی نەخۆش لە نۆرینگەکان یەکێکە لەو کێشە دیارانەی کەبەردەوامی ژنان نیگەران دەکات لە کاتی سەردانیان بۆ نۆرینگەی پزیشکی ژنان، ئەوان باس لەوەدەکەن چەندین حاڵەت هەیە کەلە نۆرینگەکاندا هەیە و مافی ئەوان پێشێل دەکات و نیگەرانیان دەکات.

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجیی گەرمیان، کە پرۆژەیەکی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED)، مانگانە لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی دا، ٢ راپۆرت و بەدواداچونی تێروتەسەل بڵاودەکاتەوە، لە دوا راپۆرتی دا کە راپۆرتی ژمارە (١٩)یە، لە بواری تەندروستی دا باس لە گرفتەکانی نۆرینگەی پزیشکان دەکات لە گەرمیان، کە بەشێکی تایبەت بوە بەو تێبینی و سەرنجانەی ژنانی نەخۆش هەیانە، هەربۆیە پوختەیەکی ئەو راپۆرتە دەخەینەڕو.

لە راپۆرتەکەدا هاتوە: لە سەردانێکی یەکەکەدا بۆ نۆرینگەکانی ژنان پرسیاری ئەوەمان لێکردن ئایا پزیشکەکانی ژنان بەتەنها نەخۆش دەبینن؟ هەمویان سەر سوڕمانی خۆیان نیشاندا بەوەی ئەوان هەر چوار بۆ پێنج کەس پێکەوەن دەچنە ژورەوە.

یەکێک لەو ژنانەی نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی: «چەندین جار چومەتە لای پزیشکی ژنان بەهۆی ئەوەی چەند نەخۆشی دیکە لە ژورەوە بوە روم نەهاتوە کێشەکەم بە تەواوی بە دکتۆرەکە بڵێم».

ئەو نەشی شاردەوە بەدکتۆرەکەی وتوە با بەتەنها بم، بەڵام پزیشکەکە پێی خۆش نەبوە.

لەسەر ئەم کێشەیە (د. نەوال عەسکەر)، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبون، دەڵێت: «راستە من چوار نەخۆش دەکەمە ژورەوە، بەڵام کاتی تەواو دەدەم بە هەمویان، نەخۆشی وام هەیە ٤٥ دەقە قسەم لە گەڵکردوە».

وتیشی: «ئەگەریش کەسێک شتێکی هەبێت و روی نەهاتبێت لای نەخۆشەکان پێم بڵێت ئەوا لەژوری شیکارکردن ئەتوانن پێم بڵێت».

بەڵام ئەو نەخۆشانەی یەکەی چاودێری قسەی لەگەڵکردن جەختیان لەوەکردەوە پزیشکەکان بەو شێوەیە گوێیان لێناگرن بۆ باسکردنی کێشە تەندروستیەکانیان.

بۆ ئەوەی بزانرێت ئیدارەی ناوچەکە چی کردوە بۆ بەدواداچون بۆ ئەم گرفتەی ژنان، قائیمقامی قەزای کەلار قسە دەکات.

شەهاب ئەحمەد، دەڵێت: «ئەمە حاڵەتێکی زۆر ناخۆشە بۆ نەخۆش، چونکە نهێنی نەخۆش ئامانەتە، لەسەر ئەم کێشەیە لەگەڵ لیژنەی بەدواداچون بۆ نۆرینگەکان قسەدەکەم و رێنمای بە لیژنەکە دەدەین».

شوێنی چاوەڕوانی نەخۆشیش بەهەمان شێوە کێشەیەکی دیکەی ژنانە لە کاتی سەردانیان بۆ نۆرینگەی پزیشکان.

ئامینە کەریم، ژنێکی بە تەمەن بو ئەو سەردانی پزیشکی چاوی کردبو، بەڵام ئازاری پشتی بەهۆی خراپی کورسی دانیشتنەکەی بێزاریکردبو، وتی: «هەندێک نۆرینگە باشن، بەڵام بەگشتی شوێنی چاوەڕوانی نەخۆش لێرە زۆر خراپە، بیریان لە بارودۆخی نەخۆش نەکردۆتەوە، کورسی رەقی پلاستیک دانراوە من هەر ناتوانم لەسەری دابنیشم».

چاوەروانی نەخۆش لە نۆرینگەکان دا هەندێکجار دەگاتە ٣ کاتژمێر، وەک (گوڵان ئەحمەد) لە یەکێک لە نۆرینگەکان باسی لێوەدەکرد، ئەو ئەگەرچی دوگیانە و لە بارودۆخێکی باش دا نیە، کەچی چەند کاتژمێرێکە لە چاوەڕوانی دایە.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لە بەشێکی زۆری نۆرینگەکان دا سەروی ٥٠ نەخۆش لە یەک رۆژدا لەلایەن پزیشکەوە دەبینرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە: پزیشکەکان چۆن فریا دەکەون؟

د.نەوال عەسکەر، لە وەڵامدا دەڵێت: «راستە ژمارەی سەردانیکەرم زیاترە، بەڵام نەخۆشەو منی هەڵبژاردوە ئیتر چۆن جوابی بکەم».

پسپۆڕێکی سیستەمی تەندروسیش پێیوایە هیچ پزیشکێک نیە بتوانێت لە رۆژێکدا ئەو ژمارە زۆری نەخۆش ببینێت و حەقی هەر یەکێکیان بە تەواوەتی بدا.

د.گۆران عەبدوڵڵا، وتیشی : «نەخۆش و هاوڵاتی لە کوردستان لە کەرتی تایبەتدا وەکو سەرچاوەیەک تەماشا دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی پارە، زۆرجار خەڵک وەکو مرۆڤ تەماشا ناکرێت، بەڵکو وەکو بونەوەرێک بۆ دۆشینی پارە تەماشا دەکرێت».

# ئازادیی یان سەرکوت؟

## چیرۆکی ئەو کچانەی خاوەنی ژیانی خۆیان نەبون

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**بەلای (ئەستێرە)وە تائێستاش رون نیە کە رۆڵی ئەو لە ژیان دا چیە، لە کاتێکدا هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆی دەبینێت کە سەرقاڵی خوێندن بون و دواجار بون بە خاوەنی بڕوانامە و کاری خۆیان، بەڵام ئەم لە سوچی ماڵدا دیل کراوە و وەکو «خزمەتکارێک» مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت.**

هاوشێوەکانی (ئەستێرە) زۆرن، ئەوان کچانێکن کە بەهۆی عەقڵیەتی داخراوی کۆمەڵایەتییەوە، رێگری لە هەر کار و هەنگاوێکیان کراوە بەهۆی کچبونیانەوە، ئەمەش وایکردوە لەو ژیان و ئاستە رازیی نەبن کە پێی گەیشتون، لەکاتێکدا کچانی دیکە هەن کەبەهۆی پشتیوانی خێزانەکانیانەوە، توانیویانە بەرەوپێشەوەچون لە ژیانیان بەدەست بێنن.

(ئەستێرە)ی تەمەن ٢٠ ساڵ، بە خەمگینیەوە سەربوردەی خۆی گێڕایەوە «بەهۆی ئەو عورف و عادەتە عەشایەریەی کە لە خێزانەکەماندا ماوەتەوە، رێگریەکی یەکجار زۆرم لێ دەکرێت لەبڕیاردان لەسەر ژیانم، تەنانەت رێگری ئەوەیشم لێ دەکرێت کە جلوبەرگێک بەدڵی خۆم لەبەربکەم یان بچمە جێگەیەک و تێکەڵی هاوڕێکانم ببم»

بەردەوام بو وتی: «تەنانەت خێزانەکەم لە خوێندن بێ بەشیان کردم، بەتەواوی ژیانم بەدەستی خێزانەکەمەوەیە و ئەوانیش کچ بون لەلایان واتە خزمەت کردن».

(ئەستێرە) تەنیا نیە لەم ئازار و کۆژانەی دا، بەڵکو (چیا)ش نمونەیەکی ترە، بگرە چیرۆکی ئەم خەمگینترە.

چیا، ٣٣ ساڵ، یەکێکی ترە لە قوربانیانی ئەو خێزانانەی ئازادی بەکچانیان نادەن. ئەو لەلایەن ماڵی باوکی دڵپیسی لێدەکرێت، بەوهۆیەشەوە لەقوتابخانە دەریان کردوە «هەمو ئاوات و خەونەکانیان لەناو بردوم، لەتەمەنێکی منداڵ دا کە ١٦ ساڵ بوم، بە شودرام بەبێ ئەوەی خۆم خواستم لەسەری بێت».

رێگری کردن لە ئازادی کچان لە بڕیاردان و ئازاردانیان، کاریگەری دەرونی دروست دەکات لەسەر ئەو کچانە و وادەکات هەم خۆشی لە ژیاندا نەبینن و هەمیش هەست بە کەمی بکەن.

هاوار کەریم، توێژەری کۆمەڵایەتی، لەوبارەوە دەڵێت: کۆمەڵگەی خۆمان کۆمەڵگەیەکی داخراوە، کە تیایدا بەهۆی دڵپیسیان ئازادیەکی ئەوتۆ بە کچەکانیان نادەن.

ئەو توێژەرە جەختیشی کردەوە رێگریەکان لە کچان و پێنەدانی ئازادیی ئەوتۆ بۆ بڕیاردان، کاریگەری زۆر خراپ لەسەر دەرونیان بەجێدەهێڵێت «پێویستە کۆمەڵگە لەو بەرگە دواکەوتوییە دەربچێت و مافی تەواو بەکچان بدرێت، تاکو توانای بڕیاردانیان لەسەر ژیانی خۆیان هەبێت».

بەڵام پرسیار ئەوەیە: کاتێک ئازادیی و پشتگیریی تەواو بە کچ دەدرێت، دەتوانێت چی بکات؟

رەنگە چیرۆکی (خەندە) وەڵامێکی گونجاو بێت بۆ ئەم پرسیارە.

خەندە رەحیم ، ٢١ ساڵ، دانیشتوی کەلارە، خۆی وەکو کچێکی ئازاد دەناسێنێت کە خێزانەکەی بەردەوام پاڵپشتی بون و ئازادیی پێویستیان بۆ فەراهەم کردوە.

> بەهۆی ئازادی خێزانەکەمەوە گەشتم بە خەونەکەم

وتی: «بەهۆی ئەو ئازادی و رێگەپێدانەی لەخێزانەکەمدا بونی هەیە، توانیم بگەم بەخەونەکەم ئەویش خوێندنی بەشی وەرزشە لە زانکۆ».

ئەو بەشەی (خەندە) روی لێکردوە بۆ خوێندن، بەلای کۆمەڵگاوە بوارێکی تایبەت بە کوڕانە، بەڵام ئەو چونکە خۆی حەزی لەو بوارە بوە، خێزانەکەی پاڵپشتیان کردوە، ئەمەش وایکردوە خۆی بە خۆشحاڵ و سەرکەوتو بزانێت.

بەپێچەوانەی (خەندە)وە، (چیا) پاش ئەو هەمو رێگریە و ئەو ژیانەی کە خۆی دیاریی نەکردوە، زۆر گەشبین نیە بتوانێت هەنگاوێکی وەها بنێت، بەڵکو هەمو ئومێدی خۆی ئێستا لە پێگەیاندنی کچەکەی دا چڕ کردوەتەوە.

بە تۆنێک لە دڵسۆزییەوە وتی: «ئێستا خاوەنی کچێکم، هەوڵدەدەم ببم بە دایکێکی باش بۆی و ئەو ژیانە سەختەی من تێمپەڕاند، ئەو نەیبینێت».



# کچێک لە رزگاری دوکانی فرۆشتنی پێداویستی ناوماڵە دەکاتەوە



خێزانەکەم زۆر پشتیوان و هاوکارمن

■ **نەوژین، نیگار عومەر**

**لەنێو ناحیەی رزگاری دا کچێک توانیویەتی فرۆشگایەکی تایبەت بە فرۆشتنی شمەک و پێداویستی ناوماڵە کە بە «قاپ و قەچاخ» ناودەبرێت بکاتەوە، بەم کارەش هەم خۆی و خێزانەکەی خۆشحاڵن، هەم کڕیارەکانیش.**

رازە عەزیز حەسەن، ٢٨ ساڵ، کچێکی دانیشتوی ناحیەی رزگارییە، بە پاڵپشتی خێزانەکەی هەستاوە بەکردنەوەی دوکانێکی فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵە.

لە دیدارێکی (نەوژین) دا، لەبارەی بیرۆکەی کارەکەی و چۆنیەتی جێبەجێکردنیەوە، ئاماژەی بەوەکرد کە پێشوتر لەکارگەیەک کاریکردوە، بەڵام پاشان وازی لەکارکردن لەوێ هێناوە و بڕیاریداوە خۆی ببێتە خاوەنکار، هەربۆیە ئەم بیرۆکەیەی بۆ هاتوە و جێبەجێی کردوە.

دانانی ئەم دوکانە ئەگەرچی خەونێکی کۆنی (رازە) بوە، بەڵام نزیکەی ١٠ مانگە توانیویەتی بەدیی بێنێت، ئێستا لە فرۆشگاکەی دا چەندین جۆری کەرەستە و پێداویستی و قاپ و قەچاخی نێو ماڵی نمایشکردوە.

دانانی فرۆشگایەکی لەوشێوەیە و لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک پارێزگار دا، کارێکی مەحاڵ دەبو بۆ ئەو کچە، ئەگەر پشتیوانی خێزانەکەی و لەپێش هەموشیانەوە باوکی نەبوایە.

لەوبارەوە وتی: «خێزانەکەم زۆر پشتیوان و هاوکارمن، بەتایبەتی باوکم بۆ زۆربەی ئیشەکانم هاوکارم بوە، هەرچەندە کۆمەڵگە رێگربێت، بەڵام کە باوکت لەپشت بێت، گوێ بە رێگریی و قسەکان نادەیت».

ئەم کارەی (رازە) لەبەرامبەریشدا کەسوکار و بەتایبەت دایک و باوکی خۆشحاڵ کردوە و بە شانازیی دەزانن کە کچەکەیان خاوەن کاری خۆیەتی.

عەزیز حەسەن، باوکی (رازە)، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە باوەڕمان بەتوانای کچەکانی خۆمان هەیە و هاوکاریان دەبین بۆهەر کارێک کچەکانمان بیکەن».

زیاتر وتی: نەک هەر بۆ کچەکانم، بەڵکو لە ساڵانی حەفتاکانیشدا هاوکاری خوشکەکانیشم بوم کە بە ئازادیی کاری خۆیان بکەن، پێشتر خەڵکی سمود (رزگاری) دژی ئەو جۆرە ئیشانە بون، بەڵام ئێستا دەبینم خۆشبەختانە کچانێکی زۆر دێنە دەرەوە و بەئازادی کار دەکەن.

پشتگیریی و دەستخۆشیەکان بۆ (رازە) هەر لەلایەن خێزان و کەسوکارەکەیەوە نایەت، بەڵکو موشتەری و کڕیارەکانیشی بەم کارەی دڵخۆشن.

چیمەن ئەحمەد، یەکێکە لە کڕیارەکانی ئەو، بۆ (نەوژین) وتی: ئێمە خۆشحاڵین بە بونی ئەم دوکانە و زۆرجار سەردانی دەکەین بۆ کڕینی پێداویستیەکانمان.

پورە حەلاو، لە دورەوە ناوی ئەم دوکانەی بیستبو، بۆیە لە گوندەکەی خۆیان کە لێی دەژێت (سۆفی مستەفا)، لەگەڵ نەوەیەکی دا هاتبو بۆ دوکانەکەی (رازە). بە خۆشحاڵیەوە وتی: «کچەکەم زۆرجار باسی جوانی شتەکانی ئەم دوکانەی دەکرد، منیش وتم با بچم چەند شتێکم پێویستە بیکڕم».

ئەم بازاڕ و ناوبانگە باشە، (رازە)ی هانداوە بەردەوام بێت لەکارەکەی، هەروەک رێنمایی کچانی دیکەش دەکات بەوەی بتوانن کاربکەن. وتی: «ئامۆژگاریی من بۆ کچان ئەوەیە ئیش بکەن، بەڵام لە شوێنێک نا کە رێزیان لێ نەگیرا، هەروەها هەوڵبدەن خۆیان ببنە خاوەن کاری خۆیان».

(رازە)مان لە گەرمەی مامەڵەی دا لەگەڵ (پورە حەلاو) بەجێهێشت کە داوای دەکرد خاتری بگرێت لەو نرخەی داوای دەکات بۆ فرۆشتنی کتریەک، (رازە)ش بزەیەکی خستەسەر لێوی و وتی: «قەینا».

# تاکە کچە دوکاندارەکەی بەردەسور

■ **نەوژین، دیمەن ئیسماعیل**

**(رۆشنا) کە لە دوکانەکەی دا سەرقاڵی چاککردن و رێکخستنی ماست و پەنیر بو لەنێو بەفرگرەکەدا، هەستت نەدەکرد هیچ دودڵیی و رارابییەکی تێدا بێت، دڵخۆش دیاربو کە توانیویەتی وەکو یەکەمین کچ لە گەڕەکە «میللیەکەیان» دا، فرۆشگایەکی تایبەت بە خۆی بکاتەوە.**



رۆشنا خەلیل، ٢١ ساڵ، کچێکی دانیشتوی گەرەکی نەورۆز (بەردەسور)ی شاری کەلارە، ماوەی دو ساڵە لە تەنیشت ماڵی خۆیانەوە، دوکانێکی داناوە و ئیشوکارەکانی خۆی تیادا ئەنجام دەدات.

ئەو باس لەسەرەتاکانی دانانی دوکانەکەی دەکات و بۆ (نەوژین) وتی: «تاوەکو پۆلی حەوتی بنەڕەتی خوێندومە، بەهۆی بارودۆخێکی لەناکاو لەخوێندن دابڕام و نەمتوانی بەردەوامی بە خوێندنەکەم بدەم»

بەردەوام بو و وتی: ئەگەرچی نەمتوانی بڕوانامە بەدەست بهێنم، بەڵام ئەمە مانای تەسلیم بون نەبو لەلام، بەڵکو هەوڵمدا بتوانم کارێک بکەم و ئەوەبو ئەم دوکانەم دانا.

لە دوکانەکەیدا، بابەتی جوانکاریی «کەمەلیات»، خواردن، کەرەستە و پێداویستی ماڵ، شیرەمەنی و ساردەمەنیەکان هەیە.

رۆشنا، لەگەل دایک و باوک و ٣ خوشک و برای دا دەژی، وتی: «براکانم دوکانی خۆیان هەیە، منیش خاوەنی ئیشی تایبەت بەخۆمم».

ئەوەی وایکردوە کە ئیشەکانی باشتر رابپەڕێنێت، بونی هاوکاریی و پاڵپشتی خێزانەکەی بەتایبەت باوکێتی.

وتی: «من لە بەیانی تا عەسر لەسەر دوکانەکە دەبم، پاشان باوکم دێتە هاوکاریم».

نەیشاردەوە کە ئەم کارەی تائێستاش لەلای هەندێک لە خزم و کەسوکارەکەی، جێی خۆشحاڵی نییە و سەرکۆنەی دەکەن و داوا دەکەن وازی لێبێنێت، بەڵام ئەو بە پێداگیرییەوە دەیوت: «نەمهێشتوە قسەکان کارم تێبکەن».

لەم خاڵەوەش دەچێتە سەر ئەوەی کە بە کچانی تر بڵێت: «هەر توانایەکتان هەیە کۆڵ نەدەن لە پیشاندانی و بەردەوام بن و متمانەتان بەخۆتان هەبێت».

## پارێزەر (فاتمە محەمەد):

# ترسی ژنان لە جیابونەوە کۆمەڵایەتیە نەک یاسایی




**پارێزەر (فاتمە محەمەد) لەگەڵ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی (کۆمەڵ) لە رادیۆی دەنگ (ژینۆ خەلیل)**

«ژن و پیاو وەک یەک مافی داواکردنی جیابونەوەیان هەیە»

«بەپێی یاسا بەخێوکردنی مناڵ لەلای دایکە هەتا تەمەنی ١٨ ساڵ»

**▪ نەوژین، ژینۆ خەلیل***

**پارێزەرێک باس لەوەدەکات کە یاسا هاوشانی پیاوان، هەقیشی بە ژنان داوە بۆ جیابونەوە، بەڵام زۆرجار هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەرونی و خێزانیەکان وادەکەن ژنان خۆیان بەدور بگرن. هەروەک ئاماژە بەوەشدەکات کە کێشەی جیابونەوەی هاوسەران لە سنورەکەدا روی لە زیادبونە، هۆکارەکانی ئابوریی و ناپاکیی هاوسەرێتی، لە پێشەوەی ئەو هۆکارانەیە کە هاوسەران لە یەکدی دەکات.**

لەمیانەی ئەڵقەیەکی بەرنامەی (کۆمەڵ) دا لە رادیۆی دەنگ کە بەرنامەیەکی هاوبەشی نێوان رێکخراوی وادی ئەڵمانی و رادیۆی دەنگە و دو هەفتە جارێک بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی ژنان پێشکەش دەکرێت، باس لە حاڵەتەکانی ترسی ژنان لە جیابونەوە کراوە.

لەم ئەڵقەیەدا دیدار سازکراوە لەگەڵ پارێزەر: (فاتمە محەمەد)، کە لە دیدارەکەدا تیشکدەخاتە سەر لایەنی یاسایی جیابونەوەی هاوسەران و ئەو ترسەی ژنان هەیانە لە جیابونەوە. هەروەک باسیش لەو بنەما یاساییانە دەکات کە لە دۆسیەکانی داواکاری جیابونەوەی ژنان لە هاوسەرەکانیان پشتی پێدەبەسترێت.

* ژن لە چ کاتێک دەتوانێت داوای جیابونەوە بکات؟

بەپێی یاسا ژن و پیاو وەک یەک مافی داواکردنی جیابونەوەیان هەیە، جیابونەوەش دو جۆرە: لەسەر بنەمای زیان و لەسەر بنەمای ناکۆکی. هەرچی پەیوەندی بە تەڵاقدانەوە هەیە، ئەوا بەپێی یاسا لەدەست پیاوانە، بەڵام دەشتوانرێت بەدەست ژنانیشەوە بێت بەو مەرجەی پێشتر هەردو لا واتا ژن و پیاو لەسەری رێککەوتبن و لە گرێبەستی هاوسەرگیرییان دا ئاماژەی بۆ کرابێت.

* لەسەر چ بنەمایەک ژن دەتوانێت داوای جیابونەوە بکات؟

وەک ئاماژەمان بۆ دا دو ئاست یان دو بوار هەیە: (زیان و ناکۆکی)، بواری زیان چەند بنەمایەکی هەیە، لەوانە: ئەگەر پیاوەکە سزا بدرێت بە بەندکردنێک کە زیاتر بێت لە ٣ ساڵ، یان ئەگەر بژێوی ژنەکە نەدات، یاخود ئەگەر ناپاکیی هاوسەرێتی «خیانەت» لە ژنەکەی بکات، یاخود لەسەر توندوتیژی چ بەرامبەر بە ژنەکە یان بەرامبەر بە منداڵەکانی، لەگەڵ چەندین خاڵی دیکەش.

هەرچی ناکۆکیشە، ئەوا پێویستە بەڵگە و شایەتحاڵی پێویست هەبێت لەسەر دۆخەکە و لەسەر ئەو بنەمایە دادوەر بڕیار لە دۆسیەکە دەدات.

* زۆرجار ژنان دەیانەوێت جیا ببنەوە، بەڵام پیاوان رازیی نین، لەو کاتانەدا دادگا بڕیاری چی دەبێت؟

ئەو کاتە دادگا بڕیار لە جیابونەوەیان دەدات، ئەمەش پاش ئەوەی کەسێک لە لایەنی ژنەکە و کەسێک لە لایەنی پیاوەکە رادەسپێرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ و راوێژ بکەن بۆ پێکهاتنەوە، ئەگەر پێکنەهاتنەوە ئەوا دادگا لە کۆتایی دا بە پشت بەستن بە سەلماندنی ئەو زیان و ناکۆکیەی هەیە، بڕیار لە جیابونەوەیان دەدات.

* ئەگەر پیاوان بە زۆر و هەڕەشە رێگریان لەو جیابونەوەیە کرد، ژنان دەتوانن چی بکەن؟

ئەو کاتە ژنەکە دەتوانێت لە دادگای جەزائی و یان توندوتیژی سکاڵا بکات لەسەر ئەو هەڕەشە و رێگریانە.

* زۆرجار ژنان ناوێرن جیاببنەوە و زۆرجاریش باوەڕیان بە یاسا نیە کە مافیان بۆ دەستبەر بکات ئەگەر جیا ببنەوە، هۆکارەکان چین؟

یاسا دەقێکی جێگیرە و دادگا ناتوانێت لێی لابدات، بەڵام بەرای من زۆرینەی هۆکارەکانی ترسی ژنان لە جیابونەوە، کۆمەڵایەتییە، چونکە ژنان لە ترسی قسەی خەڵکی یان قسەی دەروبەر و خێزانەکانیان جیانابنەوە، یاخود خۆیان هەندێکجار هەمو شت لە هاوسەرەکانیان قەبوڵ دەکەن تەنها لەپێناو ئەوەی تەڵاق نەدرێن، لەکاتێکدا تەڵاق و جیابونەوە بۆیە دانراوە کە کۆتایی بەکێشەکان بێنێت و هەردولا بتوانن دواتر ژیانێکی تر بونیاد بنێنەوە.

* یەکێک لە خەمەکانی تری ژنان لە جیابونەوەدا، چارەنوسی منداڵەکانە، یاسا ئەمەی چۆن رێکخستوە؟

بەپێی یاسا بەخێوکردنی منداڵ لەلای دایکە هەتا تەمەنی ١٨ ساڵ و دوای ئەو ماوەیە منداڵەکان خۆیان بڕیار دەدەن، بەڵام ئەگەر ژنەکە نەیویست منداڵەکانی لەخۆ بگرێت، ئەوکات دادگا دەیدات بە باوکەکە. هەروەک لەکاتێکدا منداڵەکان ئەگەر لای دایکەکە بن، ئەوا بە پێی یاسا لە هەفتەیەکدا باوکەکە بۆی هەیە ٢٤ سەعات ئەو منداڵانەی لەلابێت.

ئەگەر ئەو ژنەی کە منداڵەکانی لەلایە هاوسەرگیری دیکە بکاتەوە، دەتوانێت منداڵەکانی لەلا بێت بەو مەرجەی مێردە تازەکەی رازی بێت و ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان بگرێتە ئەستۆ.

* نەفەقە و خەرجیی منداڵ و ژن، یەکێکی ترە لە کێشەکانی جیابونەوە، ئەمەیان چۆن باسی لێوەکراوە؟

بەپێی یاسا نەفەقەی ژن و منداڵ لەسەر پیاوە و دادگا بڕیاری لێدەدات، ئەمەش بە پشت بەستن بە رەوشی دارایی پیاوەکە. نەفەقەی منداڵی کچ بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی هاوسەرگیریی دەکات، هی منداڵی کوڕیش تا ئەوکاتەی دەبێتە خاوەن کار و داهات.

* زۆرتر ژنان داوای جیابونەوە دەکەن یان پیاوان؟

هەردوکیان، بەتایبەت ئەم ماوەیە هەست بە زیادبونی جیابونەوەکان دەکرێت.

* هۆکاری ئەم زیادبونە چیە؟

هۆکارەکان زۆرن، بەڵام زەقەکان بەتایبەتی لایەنی داراییە، پاشان مەسەلەی ئەو کێشە و ناپاکیانەی بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروست دەبن، لەگەڵ کاریگەری میدیا و ئەو دراما و فیلمانەی کە هەن و کار لە شیرازەی خێزانەکان دەکەن.

* زۆرجار ژنان لە کاتی مامەڵەکانی جیابونەوەدا، رەخنە و گلەییان هەیە بەوەی خاوەخاو لەو کارەدا دەکرێت و پاش ماوەیەکی زۆر بڕیار لە مامەڵەکانیان دەدرێت، هۆکار چیە بەرای تۆ؟

درەنگ یەکلایی کردنەوەی کەیسەکان کێشەکە لە یاسادا نیە، بەقەدەر ئەوەی کێشەکە پەیوەندیدارە بەوەی ئیشی دادگاکان زۆرە و کەیسی زۆریان لەبەردەمدایە، راییکردنی ئەم ئیشانەش پێویستی بە کات و فەرمانبەر و تەنانەت دادگا و دادوەری زیاترە.



* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان

## شەیما جەمال کوێخا:

# کۆمەڵگا کاری سیاسی بۆ ژنان بە ڕەوا نابینێت



▪ نەوژین، سازان مستەفا

**شەیما جەمال کوێخا، بڕوانامەی ماستەری لەکشتوکاڵدا هەیە و مامۆستایە لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار، یەکێکە لە کچە دیارەکانی سنوری گەرمیان لەکاری حیزبی دا و ئێستا ئەندامی دەستەی کارگێڕی و نوێنەری ژنانە لەمەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان.**

لە دیدارێکی (نەوژین) دا، قسە لەسەر ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەکاری حزبی و سیاسی دا دەکات لە سنورەکە.

*ڕۆڵی ژنان لەناو حزب دا چۆنە و تاچەند گرنگیان پێدەدرێت؟
ژنان خۆیان ڕۆڵی خۆیان لە هەمو کایەکانی ژیان دیاری دەکەن. ئێستاش ژنان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ناو زۆربەی حزبە سیاسیەکان دا، هەر لە حزبە بنەماڵەیی و تەقلیدیەکانەوە تا پارتە سۆسیال دیموکرات و ئۆپۆزسیون و ئیسلامی و عیلمانیەکان.

* کەواتا بۆچی بونی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا کەم و سنوردارە؟
دوا کەوتویی باری کۆمەڵایەتی و کەمی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی لە بابەت ئێمەوە هەمیشە ڕێگر بوە لە بەشداری کردنی ژنان لە کایەی سیاسی دا، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر لێهاتوی و شارەزایی ژنان و بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بوارە جیاکانی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان، دەبینین ژنان لە پۆستەکانی ناوەند و خوارەوە وجودیان هەیە، بەڵام لە پۆستە باڵاکان گرنگی ئەوتۆیان پێ نەدراوە و بواریان بۆ نەڕەخساوە کە لە لوتکەی دەسەڵاتی حزبەکانیان دا توانای خۆیان دەرخەن.

* بەوپێیە بێت تا چەند دەرفەت بە ژنان دەدرێت بۆ کاری حزبی یان بەپێچەوانەوە تاچەند دژایەتی دەکرێن؟
لە ڕاستیدا ئەوەندەی ژنان دژایەتی یەکتر دەکەن نیو ئەوەندە ڕەگەزی بەرامبەر دژایەتی ژنان ناکەن! بەش بە حاڵی خۆم لە ماوەی کارکردنم لە بواری سیاسەتدا زۆر دژایەتی کراوم و هەوڵی شکاندن و دور خستنەوەم دراوە، بەڵام چونکە سیاسەت لای من حەز و ئارەزوە، بۆیە هەرگیز کۆڵم نەداوە و هەمیشە براوە و سەرکەوتوبوم.

* قسەیەک هەیە کە دەڵێت بەشداری ژنان لە حزب دا زۆرتر بۆ ڕوکەشە؟
ژنان لە زۆربەی ئۆرگانە حزبیەکان دا کار دەکەن و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە لە سەرخستن و بەرەوپێشبردنی حزبەکانیان، ئەوە نیە ژنان ئەندامی سەرکردایەتی و جڤات و مەکۆ و لق و مەڵبەندەکانن و کاری سیاسی دەکەن؟ ئیتر بۆ دەبێت بونیان ڕوکەشانە بێت؟ بەڵام دەتوانین بڵێین هێشتا ژمارە و بەشداریکردنیان وەکپێویست نیە.

* کەواتا با پرسیارەکە بەوشێوەیە بکەینەوە: ئەو ژنانەی لە حزبدا کاردەکەن، تاچەند خاوەن بڕیارن؟
ئەگەر لە لوتکەی هەرەم نەبێت ئەوە بڕیارەکانت کاریگەری ئەوتۆیان نابێت، چونکە لە کۆتایدا ڕاوبۆچونی هەمو ئۆرگانەکان گەڵاڵە دەکرێت و پرۆژەیەکی گشتگیری لێ دەردەچێت کە هەردو ڕەگەز پێشنیاریان کردوە و لە بەرژەوەندی حزبەکانیان و خزمەتی کۆمەڵگا بشکێتەوە. من وەک خۆم لەو ئۆرگانەی کە کاری تێدا دەکەم هەمیشە پێشنیارەکانم بە هەند وەرگیراون و کاریان لەسەر کراوە و بەگرنگیەوە لە ڕاو بۆچونەکانم ڕوانیویانە.

> گرنگیم بە گوشاری ئەوانە نەداوە دەیانەوێت ژن کەنارگیر بکرێت

* تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئێوەی کادیرانی ژن لە حزب دا چۆنە و تاچەند ئەو تێڕوانینەتان بەلاوە گرنگە؟
بەداخەوە کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی هێشتا نەگەشتونەتە ئەو ئاستەی کە کاری سیاسی بۆ ژنان بە ڕەوا ببینن و لای زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان کارکردنی ژنان لەبواری سیاسەتدا ڕێگە پێدراو نیە، بەڵام من لەوەتەی کار دەکەم لە بواری سیاسەتدا هەرگیز گرنگیم بە گوشاری ئەو کەسانە نەداوە کە دەیانەوێت ڕۆڵی ژن کەنارگیر بکرێت، ئەوەی بەلامەوە گرنگ بوە کە زۆربەی تاکەکانی خێزانەکەم پشتیوانم بون لە کارکردنم و هەرگیز ڕێگریان لێ نەکردوم و بە پێچەوانەوە هاندەرم بون، ئەمەش لای من گرنگتر و دڵخۆشکەر تر بوە نەک تێڕوانینە سەقەت و ڕوخێنەرەکانی تر.

* کەوایا لەم سۆنگەیەوە ئەزمونی کاری سیاسی خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟
بەسەرکەوتوی دەبینم، بەو پێیەی هەر لە تەمەنی زۆر منداڵیەوە کاری حزبی و سیاسیم کردوە، لە تەمەنی ١٥ ساڵی پەیمانگای کادیرانم تەواو کردوە، زۆربەی قۆناغەکانی ڕێکخستنی حزبیم بڕیوە و توانیومە ڕۆڵی بەرچاو بگێڕم لە سەرخستنی بەرنامەی سیاسی حزبەکەم لە ناوچەکەی خۆم.

*پێشنیازت بۆ ژنان چیە ئەگەر بیانەوێت کار لە ڕێکخستنە حزبیەکان دا بکەن؟
پێشنیارم بۆ ژنان ئەوەیە کە سیاسەت حەز و ئارەزوە وەک هەر کارێکی تر کە دەیکەن، ئەگەر حەز و ئارەزوتان لەو کارەدا هەیە ئەوە بەبێ ترس و دودڵی لەو حزب و بزوتنەوەیە کار بکەن کە خۆتان قەناعەتتان پێیەتی و هەرگیز گوێ لە قسەی دەوروپشت مەگرن، بەپێچەوانەوە ئەو کۆت و بەندە بشکێنن کە چواردەوری گرتون.

---

## ڕێژەی جیاکاری ڕەگەزی و دەرفەت دان بە ژنان لە گەرمیان دا چۆنە؟

# «دەبێت بایەخی زیاتر بە پێگەی ژنان لە حکومەت دا بدرێت»




راگەیاندنی گروپێکی فشار بۆ بەشداریپێکردنی ژنان لە کابینەی نوێی حکومەت دا

▪ نەوژین

**ئەگەرچی بەپێی ڕوپێویەک زۆرێک لە ژنانی فەرمانبەر لەگەرمیان پێیانوایە ڕێژەی جیاکاریی ڕەگەزی بەرامبەریان لە فەرمانگەکانی سنورەکەدا کەمە، بەڵام هاوکات چ خۆیان و چ ئەو پێدراوانەش کە هەن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە هێز و توانای ئەوان بەهەند وەرناگیرێت لەم بوارەدا.**

بەپێی ڕوپێویەک کە پەیمانگای کوردیی بۆ هەڵبژاردن لە چوارچێوەی پرۆژەی دیموکراسی خۆجێیەتی لە گەرمیان ئەنجامی داوە، ژنانی فەرمانبەر ڕا و بۆچونی خۆیان لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئەوان لە فەرمانگەکانی سنورەکە خستوەتەڕو، چالاکوانێکیش پێیوایە کە بەپێی ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان کە عێراق پێوەی پابەندە، دەبێت ئەو ڕۆڵەی دەدرێت بە ژنان زیاد بکرێت.

ڕوپێویەکە کە ساڵی ٢٠١٥ ئەنجامدراوە، تیایدا بەدواداچونی کردوە بۆ ئەوەی کە تاچەند ژنانی فەرمانبەر لە پۆست و پێگەکانیان دا گرنگی و بایەخیان پێدراوە، یاخود بەپێچەوانەوە نەک گرنگییان پێنەدراوە، بەڵکو ڕێگری و ئاستەنگ لە پێشیاندا هەیە؟

لە یەکێک لە تەوەرەکانی ئەو ڕوپێویەدا، پرسیاری ئەوە ئاراستەی ژنانی فەرمانبەری گەرمیان کراوە، کە تاچەند ئامادەیی و بەشداریی ژنان لە فەرمانگەکاندا باشە و گرنگیی پێدراوە؟
لەوەڵامدا ژنان بەنزیکەی (٤٢٪) وەڵامەکەیان بەوشێوەیەیە کە بە ڕادەیەکی باش ئامادەییان هەیە و گرنگییان پێدراوە لە فەرمانگەکاندا.

لە تەوەرێکی دیکە، پرسیاری ئەوە لە ژنانی فەرمانبەر کراوە کە ئایا بە هۆکاری ڕەگەزیی، جیاکارییان لەگەڵدا دەکرێت لە فەرمانگەکانیان دا؟
لە وەڵامدا زۆرینەی ژنان کە ڕێژەکەیان (٢٩٪)ە، پێیانوایە بە کەمی جیاکاریان لەبەرامبەردا دەکرێت، بەڵام (٢٧٪) یان پێیانوایە زۆر جیاکاریان بەرامبەر دەکرێت، لەم نێوەندەشدا (٢٢٪) بە مامناوەند و (١٧٪) بە هیچ و (٥٪) بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

بەڵام وادیارە ئەم گەشبینیەی ژنان، لە ئەرزی واقیع دا و لە ڕوی گرنگیپێدانیانەوە و هەروەها بەشداریی پێکردنیان لە پۆست و پلە و بەرپرسیارێتی لە جومگە جیاوازەکانی دەسەڵات و بەڕێوبردندا، ڕەنگی نەداوەتەوە، چونکە بە پێی بەدواداچونێکی پێشتری ڕۆژنامەی (نەوژین)، هەتا کۆتایی مانگی ئاداری ئەمساڵ، لەکۆی زیاتر لە (٧٧) پۆستی بەڕێوبەری گشتی و بەڕێوبەری دامودەزگای جۆراوجۆری حکومی لەگەرمیان، ژنان تەنها لە (٩) پۆستیان دا بونیان هەیە و بەرپرسی یەکەمن.

ئەم گرنگیپێنەدانە، لە ڕوپێویەکەشدا ژنان جەختیان لێکردوەتەوە، چونکە وەکخۆیان ئاماژەیان بۆ داوە، (٣٥٪) یان پێیانوایە ڕادەی دەرفەت دان بە ژنان بۆ وەرگرتنی پۆست و پلەی باڵا لە فەرمانگەکانی سنورەکەدا مامناوەندە، هەروەک (٢٤٪)یان پێیانوایە کە دەرفەتپێدانەکە کەمە.

ئەم خاڵە چالاکوانێکی ژنانیش جەختی لێدەکاتەوە و ئاماژە بەوەدەکات کە دەبێت حکومەت پلانی هەبێت بۆ ئەم بوارە کە ئێستا واپێناچێت وەکپێویست هەیبێت.

ڤیان سابر، چالاکی بواری ژنان، بە (نەوژین)ی وت: بەپێی ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان و لەپێشی هەمویانەوە ڕێکەوتننامەی (سیداو) بۆ بەرەنگاربونەوەی جیاکاری ڕەگەزی کە عێراقیش واژوی لەسەر کردوە، پێویستە وڵاتان جگە لە بەرەنگاربونەوەی جیاکاری ڕەگەزی، برەو بە بەشداریی ژنانیش بدەن.

وتیشی: بەپێی ئاماژەکان ئەم ڕێژەی ڕۆڵبینینەی ژنان لە حکومەتی خۆجێی گەرمیاندا وەکپێویست نییە و دیاریش نیە کە هیچ بەرنامەیەک بۆ برەودان بەم لایەنە هەبێت، هەربۆیە دەبێت بایەخی زیاتر بە پێگەی ژنان لە حکومەت دا بدرێت.

# قەیرانی دارایی 2 ژن لە کفری دەکاتە خاوەن پرۆژە

■ نەوژین، چرۆ حەسەن

**هەمو دوانیوەڕوانێک، (نەزیرە) و (جەیران) پاش تەواوکردنی دەوامی فەرمیان و پشودانێکی کورت، بەرەو دەرمانخانەکەیان بەڕێدەکەون، لەوێ سەرقاڵی پێدانی دەرمان دەبن بە کڕیارەکان، کە زۆرینەیان ژنن.**

(نەزیرە سابر سلێمان)، ٤٢ ساڵ، لەگەڵ (جەیران حەسەن عەبدولرەحمان)، ٣٠ ساڵ، لە شارەکەیاندا (کفری) ماوەی چەند ساڵێکە دەرمانخانەیەکیان بەناوی (شار)ەوە کردوەتەوە، لەکاتێکدا بونی دەرمانخانەی هاوشێوە، پێشتر لە شارەکەیاندا زۆر دەگمەن بوە. لەبارەی پاڵنەرەکانی کردنەوەی وەها دەرمانخانەیەکەوە، (نەزیرە) هێمای بەوەکرد کە بەوپێیەی هەردوکیان لەنەخۆشخانەی گشتی شارەکەیاندا پەرستارن، ئاگاداری ئەو داواکارییەی ژنانی شارەکەیان بون بەوەی دەرمانخانەیەکی ئەهلی بونی نیە کە ژنان بەڕێوەی ببەن و لەکاتەکانی دوای دەوام و بۆ وەرگرتنی چارەسەر روی تێبکەن.

ئەگەر قەیرانی دارایی زیانی بۆ زۆر کەس و بوار هەبوبێت، ئەوا سودەکەی بۆ ئەو دو ژنە ئەوەبوە کە هانیداون لەگەڵ بونی کاتێکی زۆرتر دا، دەست بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تایبەت بۆ خۆیان ببەن، ئەوەبو لەدوای ساڵی (٢٠١٤)وە ئەم دەرمانخانەیەیان کردوەتەوە و مۆڵەتی فەرمییان بۆ وەرگرتوە.



لەدوای دانانی ئەم دەرمانخانەوە ژنانێکی زۆر سەردانیان کردوین

جەیران، لەوبارەوە وتی: بەهۆی قەیرانی دارایی و بایکۆتەوە، ماوەیەکی زۆر لەماڵەوە بوین، بێکاری بێتاقەتی کردبوین، بۆیە بڕیارماندا ئەم دەرمانخانەیە دابنێین.

ئەوەی وایکردوە پرۆژەکەیان سەرکەوتو بێت و خۆشحاڵیان بکات، ئەو پێشوازیە باشەیە کە لێیان کراوە.

(نەزیرە)، لەوبارەوە دەڵێت: ژنان بەگشتی بۆ خستنەڕوی نەخۆشی و پێداویستیە تەندروستیەکانیان باشتر لە هاوڕەگەزەکانیان حاڵی دەبن، بۆیە لەدوای دانانی ئەم دەرمانخانەوە ژنانێکی زۆر سەردانیان کردوین و دەستخۆشییان لێمان کردوە.

ئەگەر ئەم کارە لە روی پیشەیی و داراییەوە سودی بۆ ئەو دو ژنە هەبوبێت، ئەوا نایشارنەوە لەروی دیکەوە کاری لەسەر ژیانیان کردوە، بەتایبەت لە روی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەڵام وەکخۆیان هێمایان بۆ کرد، هەمو هەوڵێکیان داوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگییەک لەنێوان دەوامی فەرمی و دەوامی دەرمانخانەکەیان و ژیانی تایبەتی و خێزانی خۆیاندا رابگرن.

هەر سەبارەت بە ژیانی خێزانی، بەردەوام ژنان رەخنە و تێبینی ئەوەیان هەیە کە زۆرجار بیرۆکە و ئیرادەی بەهێزیان هەیە بۆ کارکردن، بەڵام خێزان و دەوروبەریان رێگە بە جێبەجێکردنی نادەن، کەواتا لای ئەم دو پەرستارە رەوشەکە چۆنە؟

(نەزیرە) بەناوی (جەیران)یشەوە وەڵامی دایەوە کە هاوسەرەکانیان زۆر پاڵپشت و هاوکاریانن، ئەمەش وایکردوە کە بتوانن ئەو ماوەیە بەردەوام بن لە کارەکەیان دا.

بەڵام ئایا رای خودی ژنان لەسەر کردنەوەی ئەم دەرمانخانەیە چیە و چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟

(میدیا حەسەن)، ژنێکی دانیشتوی کفریە، لەوەڵامدا وتی: «زۆر دڵخۆشم بەبونی دەرمانخانەیەکی لەم شێوەیە، چونکە دەتوانین بەبێ هیچ شەرمێک کێشەکانی خۆمانیان بۆ باس بکەین، سەرەڕای ئەمەش بەشێوەیەکی جوان مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، زۆربەمان رێگایەکی دور دەبڕین تەنها بۆ ئەوەی بگەین بەم دەرمانخانەیە».

# خوانی ژنانی گەرمیان لە مانگی رەمەزان دا







■ نەوژین، ئەسما کەریم

**«گرنگیەکی تەواو بە ئامادەکردنی خوانی بەربانگ دەدەم، چونکە هەموان برسین و تامەزرۆی خواردنێکی خۆشن، زیاتریش ئەو خواردنانە دروست ئەکەم کە بۆ تەندروستی باش و گونجاون».**

**ئەمە قسەی (ئاشنا)یە کە لە بەربانگدا سفرە بۆ خێزانەکەی دەڕازێنێتەوە.**

بەردەوام یەکێک لەو بابەتانەی لە رەمەزان دا جێی گرنگییە بەتایبەتی بۆ ژنان، خوانی بەربانگە، کە تیایدا هەمو هونەر و شارەزاییەکی خۆیان لە دروستکردنی خواردنی جۆراوجۆر و رازاندنەوە و جوانکاریی و دروستکردنی شیرینی و هاوشێوەکانی دا دەخەنەگەڕ.

دوای رۆژێکی تەواو خۆگرتنەوە و نەخواردنی هیچ خواردن و خواردنەوەیەک، گرنگە خانمان بزانن چ خۆراکێک بۆ بەربانگ ئامادە دەکەن، هەروەک چ خواردنێک بە شای سەر سفرەکانیان دەزانن.

جیاواز لە رۆژانی دیکە، خوانی رەمەزان بەوە ناسراوە کە چەندین جۆری خواردن و خواردنەوە و میوە و شیرینی لەخۆ دەگرێت، لەگەرمیانیش یەکێک لەو خواردنانەی ژنان گرنگیی تایبەتی پێدەدەن، سوپ یان شۆربایە.

لیا محەمەد، ژنی ماڵەوە، لەبارەی ئامادەکارییەکانی بۆ خوانی رەمەزانان، بۆ (نەوژین) قسە دەکات، دەڵێت: «جیا لە خورما و ئاو، هەمو رۆژێک دروستکردنی سوپ بەسەرەکیترین شت دەزانم».

ئەو جۆرە سوپەی کە (لیا) ئامادەی دەکات، زۆربەی کات لە نیسک دروست دەکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا سەوزە و میوە لە بیر ناکات و بەیەکێک لە خۆراکە گرنگەکانی بەربانگی دەزانێت.

لەگەڵ گرنگییدانی تایبەت بە سوپ، بەڵام برنج وەکو شای خواردنەکان دەمێنێتەوە و کەم سفرەی ماڵانی گەرمیان هەیە، ئەم خۆراکە رەنگ سپیە تیایدا نەدرەوشێتەوە.

لیا، لەوبارەوە دەڵێت: «زۆرینەی ئێوارەکان برنج و شلە ئامادە دەکەم».

دروست کردنی خواردن چەند گرنگ بێت، رازاندنەوەشی بەهەمانشێوە و بگرە زیاتریش، گرنگ و جێی بایەخ پێدانە بەلای ژنانە، ئەوان وەکخۆیان هێمای بۆ دەکەن، مەبەستیانە لەپاڵ خۆش تامی دا، خوانەکەشیان بەجوانترین شێوە ئامادە بێت.

ئاشتی شەهاب، دەڵێت: «دروستکردنی خواردن چەند پێویست بێت بۆ کاتی بەربانگ، رازاندنەوەکەشی ئەوەندە گرنگە، چونکە وات لێ دەکات ئیشتیهای خواردنت زیاتر ببێت و بتوانی بە باشیی و ئاسودەیی بیخۆیت».

بەشێکی تر لەژنان لەپاڵ ئامادەکردنی خواردندا، حەزیان لێیە شیرینیش دروست بکەن، لەبەر ئەوەی خوانەکە زیاتر قەرەباڵەغ و رازاوە بێت.

سۆما سەعید، بۆ (نەوژین) دەدوێت: «ئەگەر هەمو رۆژێک شیرینی دروست نەکەم، ئەوا زۆربەی رۆژەکان ئامادەی دەکەم، چونکە خۆم و خێزانەکەم زۆر حەزمان لەشیرینیە».

لەگەڵ ئەوەی چەند کاتژمێرێکی زۆر بەرۆژو دەبین و ناتوانین هیچ بخۆین و بخۆینەوە، هەر بۆیە گرنگترین شت ئەوەیە کەبزانین ئەو خۆراکەی لەکاتی رۆژوشکاندندا دەیخۆین تاچ رادەیەک تەندروستە، ئاخۆ تا چەند بەلای ژنانەوە خواردنی تەندروست گرنگە؟

شەهلا حسێن، لەوەڵامدا وتی: «لە بەربانگدا ئەو خواردنانەی ڤیتامینیان تێدایە وەک سەوزە و میوە دادەنێم لەگەڵ نیسکدا، چونکە مادەی ئاسنی تێدایە و جۆرە شلەمەنیەکانی تریش ئامادە دەکەم، ناکرێت هەمیشە شتی چەور و شیرین بخۆین».

# شێوەکارێک چۆک بە «کەمئەندامبون» دادەنێت



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**ئەو بارودۆخە تەندروستی و جەستەییەی (ئەفراح)ی تێدابوە، رێگەی نەداوە زۆر توانای خۆی پیشان بدات و زۆر هیوا و حەزی خۆی بەدی بێنێت، بەڵام لەبەرامبەریشدا واینەکردوە هیوابڕاو و رەشبین بێت، بەڵکو توانیویەتی پەرە بە بەهرە و تواناکانی خۆی بدات و ئێستاش یەکێکە لە کچە شێوەکارە ناسراوەکانی گەرمیان.**

ئەفراح ئیبراهیم، ٤٠ ساڵ، کچێکی دانیشتوی شاری کەلارە، ئەگەرچی خاوەن پێداویستی تایبەتە و ناتوانێت بە بێ عەرەبانەکەی بڕوات، بەڵام ئەمە وای نەکردوە حەز و خولیاکانی بۆ کاری هونەریی بخاتە لاوە.

لەبارەی سەرەتای بەهرەکەیەوە، (ئەفراح) وتی: تەمەنم ١٠ ساڵ بو ئیشی دەستی و درومانم بۆ بوکەڵەکانم دەکرد و وێنەی کارتۆنم دروست دەکرد.

ئەم بەهرەیە پاڵی نا بە (ئەفراح)ەوە کە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بخوێنێت، ئەوەبو پاش تەواوکردنی پۆلی ٣ی ناوەندی، روی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی خانەقی کردوە، ئەگەرچی لە تاقیکردنەوەی بەرایی دا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، بەڵام بەوپێیەی یاساکانی خوێندن لەو پەیمانگەیە بەشێوەیەکە کە خوێندکار نابێت خاوەنپێداویستی تایبەت بێت، بۆیە وەرنەگیراوە.

بەڵام ئەم ستەم و بێبەشکردنە، نەبوەتە هۆی ئەوەی دەستی ئەو کچە لە هونەر و شێوەکاریی بترازێنێ، بەڵکو لەوساوە تائێستا، بەردەوامە لەکاری هونەریی و ئێستا یەکێکە لە شێوەکارە کچەکە ناسراوەکانی گەرمیان.

باسی لەوەکرد تائێستا ٢ پێشانگای تایبەتی کردوەتەوە و بەشداریی لە ٢٥ پێشانگای هاوبەش دا کردوە.

ئەو تابلۆیانەی (ئەفراح) دەیکێشێت، هەم لە پەیام و هەم لە شێوازیش دا جیاوازن، ئەو لەروی پەیامەوە ویستویەتی ئەو خەم و کۆژانانەی چ خۆی وەکو تاک و چ کۆمەڵگاکەشی وەک گشت پێوەی دەناڵێنن، بەرجەستە بکات، ئەمە جگە لە گرنگییدان بە سروشت و بابەتەکانی دیکە.

لەروی شێوازیشەوە، ئەو کچە وێنەکێشانی تێکەڵ بەکاری دەستی کردوە، ئەمەش وایکردوە دیمەنێکی سروشتیی و جوانتر بە تابلۆکانی ببەخشێت.

ئەو کچە هونەرمەندە، شێوەکاریی تاکە کار و پیشەی نییە لە ژیان دا، بەڵکو بەوهۆیەی هونەر لەم وڵاتەدا کەس نازێنێت، بۆیە وەکو فەرمانبەر کاردەکات و لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە لە بەشی هونەریی باخچەی ساوایانی کەلار دامەزراوە.

سەرباری ئەوەش، ئاماژە بەوەدەکات کە زۆر کەس داوای تابلۆکانی دەکەن بیکڕن، بەڵام بەوهۆیەی نرخەکە لە ئاست ماندوبون و کارەکەی دا نییە، بۆیە پێی نەفرۆشتون.

بەڵام ئەم واقعە بێهیوای نەکردوە، بەڵکو ئێستا لە خەیاڵی ئەوەدایە بتوانێت وەرشەیەکی تایبەت بە خۆی دابنێت و تیایدا تابلۆ و ئیشەدەستیەکانی بە کڕیاران بناسێنێت و بفرۆشێت.

بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠١٣)ی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، لە سنوری گەرمیان دا (٧٤٥٠) کەسی خاوەن پێداویستی هەن کە موچەخۆرن، بەڵام کەم کەسیان وەکو (ئەفراح) توانیویانە ئاوا پەرە بە توانا و بەهرەکانیان بدەن.

ئەو لەم بارەوە، داوا لە کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت دەکات کە کۆڵ نەدەن «ئەگەر هەر ئەزمونێکتان هەیە پەرە بە بەهرەکانتان بدەن، خۆتان تەسلیمی ژیان مەکەن».

> خۆتان تەسلیمی ژیان مەکەن

> زۆر کەس داوای تابلۆکانم دەکەن بیکڕن

# مردوشۆرێک دەبێتە ژنی ساڵ

■ نەوژین

**چیرۆکی کۆژانی کچانی کورد، لە وڵاتی دانیمارک نوسەرەکەی دەکات بە ژنی ساڵ، ئەویش دەڵێت: من هیچم نەکردوە جگە لە نوسینی کتێبێک.**

سارا عومەر، نووسەری رۆمانی «مردوشۆر»، لە دانیمارک خەڵاتی ژنی ساڵی پێ بەخشرا، بەمەش دەبێتە یەکەمین ژنی کورد لە مێژوی ئەو وڵاتە و تەنانەت لەسەر ئاستی جیهان، خەڵاتێکی هاوشێوە بەدەست بێنێت.

ئەم خەڵاتە بۆ (سارا عومەر) یەکەم خەڵات نیە، چونکە ئەو ساڵێک پێشتر خەڵاتی (ژنی بوێر)ی لە وڵاتەکەی خۆی دا (دانیمارک) بەدەستهێنا.

چیرۆکی ناوبانگ و بوێریی ئەم ژنە نوسەرەی کورد، پاش بڵاوکردنەوەی رۆمانەکەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ دا دەستپێدەکات. لەو رۆمانەی دا کە ناوی (مردۆشۆر)ە، (سارا) تیشک دەخاتە سەر ژیانی مرۆڤانی کورد و بەتایبەتی ژنان، ئەو کۆژان و ئازارانەیان دەگوێزێتەوە بۆ خوێنەر کە دەیچێژن.

رۆمانەکە تائێستا بەزمانی کوردیی بەردەست نییە، بۆیە بۆ باسکردن لە ناوەڕۆکەکەی، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خودی نوسەر، کەلە دیدارێکی کەناڵی (کوردستان ٢٤) باس لە هێڵە گشتیەکانی کارەکەی دەکات.

لەوبارەوە دەڵێت: رۆمانەکە باس لە دو لە دیارترین ئەو کارەساتانە دەکات کە بەسەر کوردا هاتون (ئەنفال و هەڵەبجە)، هەروەک باس لەو خورافیاتانە دەکات کە کۆمەڵگا پێوەی گیرۆدەیە بەتایبەتی ژنان، لەوێنەی پەنا بردن بۆ بەرد و کێلی قەبر بە پاساوی کردنەوەی گرێی بەختیان.

ئەم رۆمانە لەگەڵ بڵاوبونەوەی دا لە دانیمارک، بەزویی بوە بە یەکێک لە پڕ فرۆشترین رۆمانەکان، تائێستاش سەروی ٣٥٠ هەزار دانەی لێفرۆشراوە و لەلایەن رەخنەگرانیشەوە پێشوازیەکی باشی لێکراوە.

(سارا) لە رۆمانەکەی دا بوێریەکی زۆری پیشانداوە و ئەو کۆژان و ئارازارانەی گێڕاوەتەوە کە خۆی و کچانی دیکە روبەڕوی بونەتەوە، وەکخۆی هێمای بۆ دەکات کاتێک بیرۆکەی ئەو کتێبەی بۆ هاتوە کە لەو نەخۆشخانە لەسەر جێگە بوە و ئازارێکی زۆری چەشتوە «ئەو کتێبە تاکە رێگا بوە بۆ ئەوەی ژیان هەڵبژێرمەوە».

نواندنی ئەم بوێریە لە خستنەڕوی خەم و ئازارەکان، وایکرد کە لەساڵی ٢٠١٨ دا خەڵاتی (ژنی بوێر)ی لە دانیمارک پێیببەخشرێت، ئەمساڵیش بە ژنی ساڵ دەستنیشان بکرێت.

رێورەسمی خەڵاتەکە لەلایەن دامەزراوەی «ئێل ستایل ئەواردز ELLE Style Awards 2019» رێکخرابو، کە خاوەنی چەندین لقی بەناوبانگە لەسەر ئاستی دانیمارک و وڵاتانی دیکە، کاندیدەکانیش بەدەنگی چەندین کەس دەستنیشان کراون.

ئەوەی سەرنجراکێشترە لە پێشکەشکردنی خەڵاتەکە، ئەوەیە کە (سارا) لەسەر ئاستی دەنگدانی خەڵک، شەش جار هێندەی دەنگی ئاسایی دەنگی هێناوە، کە تا ئێستا هیچ کەسایەتییەک هێندە دەنگی نەهێناوە بۆ ئەوەی خەڵاتەکە بباتەوە.

(سارا) جگە لەم خەڵاتانە، لەلایەن زۆرێک لە رەخنەگرانیشەوە پەسنی کارەکەی دراوە و هەندێک لەوانە بە (سیمۆن دیبۆڤوار)یان چواندوە، بەڵام ئەو جەختدەکاتەوە کە تەنها مرۆڤێکە و پەیامێکی هەیە ویستویەتی بیگەیەنێت.

لەبارەی وەرگێڕانی رۆمانەکەیشیەوە بۆسەر زمانی کوردی، (سارا) ئەوەی خستوەتەڕو کەئێستا لە کۆتا قۆناغەکانی وەرگێڕانی دایە و هەروەک بڕیاریشە بۆچەند زمانێکی دیکەی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسیش وەربگێڕێت.

سارا عومەر، ساڵی ١٩٨٦ شاری سلێمانی لەدایکبوە، لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا سەرهەڵدەگرن بۆ ئێران و دواتریش بۆ سوریا، پێنج ساڵ ئاوارەدەبن بەر لەوەی بگەنە دانیمارک. ئێستا خوێندکاری ماستەرە لەبەشی زانستی سیاسیدا لەو وڵاتەدا. سارا عومەر پێشتر شیعر و نوسینی ئەدەبی بەزمانی کوردی بڵاوکردوەتەوە.

> تەنها مرۆڤێکم، پەیامێکم هەیە ویستومە بیگەیەنم





# سزای هاوسەرگیری بەزۆر



■ نەوژین، هونەر شێخ لەنگەریی

**هاوسەرگیریی بە زۆر، واتا ناچارکردنی کچ بە هاوسەرگیریی کردن، وەکو توندوتیژی و تاوانێک لە یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێم هەژمار کراوە، هاوشێوەی رێگریکردن لە هاوسەرگیریی، ئەمەش لەرێگەی چەندین برگە و بەندی یاساکانی پەیوەست بەو بوارەوە.**

لەمیانەی ئەم نوسینەدا، پوختەی ئەو مادە یاساییانە دەخەینەڕو کە باس لەم حاڵەتە دەکەن، لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو مادە و برگانە.

*** دەقە یاساییەکان**

دەقی مادەی ٩ لە یاسای باری کەسێتی عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستان دا، دەڵێت:

١. نابێت هیچ خزمێک یان کەسێکی بیانی یەکێک ناچار بکات چ نێر بێ چ مێ بۆ هاوسەرگیری بەبێ رەزامەندی خۆی و گرێبەندی بەزۆری بە نادروست دادەنرێ ئەگەر نەگواسترابێتەوە و لەگەڵی جوت نەبوبێ، ئەگەر چویش ئەوا رادەگیرێ.

هەروەها کەسێک لە خزمان یا جیا لەوانیش رێگە لەیەکێک بگرێ کە شایستەی هاوسەرگیریە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ هاوسەرگیری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٢. هەرکەسێک سەرپێچی حوکمەکانی برگەی (١)ی ئەم مادەیە بکات، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە دو ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ، سزادەدرێ ئەگەر لە خزمەکانی پلە یەک بێ، بەڵام ئەگەر سەرپێچیکەر لە ئەوان نەبو، ئەوا سزاکەی بەندکردن دەبێ بۆ ماوەیەک سێ ساڵ کەمتر نەبێت، یاخود بەندکردنی بۆ ماوەیەک لە دە ساڵ زیاتر نەبێ.

٣. دادگای باری کەسی، یان دادگای مادەکانی کەسی بۆی هەیە ئاگاداری دەسەڵاتەکانی لێپێچینەوە بکات، بۆ بەدواداچونی یاسایی دژ بە سەرپێچیکەری حوکمەکانی برگەی (١)ی ئەم مادەیە و بۆیشی هەیە دەستبەسەری بکات بۆ زامنکردنی ئامادەبونی لەبەردەم دەسەڵاتی ناوبراو.

هەر کەسێک توشی ئەمجۆرە زۆر لێکردنە یان قەدەغە کردنە ببێت، بۆی هەیە راستەوخۆ سەردانی دەسەڵاتەکانی لێپێچینەوە لەم بارەیەوە بکات.

هاوسەرگیری
به زۆر جۆرێکه
له توندوتیژی
خێزانی

*** شرۆڤەی مادەکە**

دەقی ماددەی (٩) لە یاسای باری کەسێتی عێراقی (قانون الأحوال الشخصیە) ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) هەموارکراو، دەڵێت:

١. هیچ خزمێک یان هیچ کەسێکی تر بۆی نیە زۆری لە هیچ کەسێک بکات پیاو بێت یان ئافرەت لەسەر هاوسەرگیری بە بێ رەزامەندی خودی کەسەکە، گرێبەستی هاوسەرگیری بەزۆر بە پوچەڵ (باطل) دادەنرێت، واتە وەک ئەوە وایە لە بنەڕەتەوە هاوسەرگیریەکە ئەنجام نەدرابێت ئەگەر ئافرەتەکە نەگوزرابێتەوە و جوتبون روی نەدابێ، بەڵام ئەگەر گوازرابوەوە و جوتبون رویدابێت، ئەوا گرێبەستەکە بە راگیراو (موقوف) دادەنرێت.

یاسادانەر زۆرکردنی بەهۆکارێک داناوە بۆ بەتاڵی گرێبەستەکە، بەشێوەیەک جێبەجێبونی گرێبەستەکە راوەستاوەتە سەر بۆچونی زۆرلێکراوەکە دوای لاچونی زۆرداریەکە، جا ئەگەر رێگەی دا جێبەجێ دەبێت، ئەگەریش رێگەی نەدا ئەوا گرێبەستەکە بەتاڵ دەبێتەوە.

هەروەها ئەوەخراوەتەڕو کە هیچ خزمێک یان هەر کەسێکی تر بۆی نیە رێگربێت لە هاوسەرگیری کەسێک کەوا بەپێی بڕیارەکانی یاسای باری کەسی شایستەی هاوسەرگیری بێت، واتە هیچ کەسێک بۆی نیە کەسێک قەدەغە بکات لە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئەو کەسەی کە خۆی هەڵیبژاردوە، بەمەرجێک تەمەنی یاسایی تەواوکردبێ بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری.

مەبەست لەوشەی راگیراو (موقوف) ئەوەیە کە دوای گواستنەوە و بەردەوامبونی ئەو هاوسەرگیریە کە بەزۆر و بە بێ رەزامەندی کەسەکە ئەنجامدراوە، دەوەستێتە سەر رەزامەندی کەسەکە، ئەگەر رازی بو بە بەردەوامبونی هاوسەرگیرییەکە ئەوا بەردەوام دەبێت، خۆ ئەگەر ناڕازی بێت ئەوا بەپێی یاسا دەتوانێت داوای جیابونەوە بکات.

٢. هەرکەسێک سەرپێچی حوکمەکانی برگەی (١)ی ئەم ماددەیە بکات ئەوا بە بەندکردن سزادەدرێت بۆ ماوەیەک لە (٢ ساڵ) کەمتر نەبێت و لە (٥ ساڵ) زیاتر نەبێت، ئەگەر سەرپێچیکار لە خزمە پلە یەکەکانی بن وەک: (دایک، باوک، خوشک و برا)، بەڵام ئەگەر سەرپێچیکار خزمی پلە یەکی نەبێت، ئەوا سزاکەی بریتیە لە بەندکردن (الحبس) بۆ ماوەیەک کە لە (٣ ساڵ) کەمتر نەبێت، یان زیندانیکردن (السجن) بۆ ماوەیەک کە لە (١٠ ساڵ) زیاتر نەبێت.

٣. پێویستە لەسەر دادگای باری کەسێتی ئاگاداری دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە بکات بۆ ئەنجامدانی بەدواداچونی یاسایی دژی سەرپێچیکاری برگەی (١)ی ئەم مادەیە، دادگای باری کەسی بۆیشی هەیە کەسی سەرپێچیکار رابگرێت واتە تەوقیفی بکات وەک گرنتیەک بۆ ئامادەبونی لەبەردەم دەسەڵاتی ناوبراودا کە مەبەست دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوەیە (سلطات التحقیق)، هەرکەسێک کە توشی زۆرلێکردن لەسەر هاوسەرگیری یان قەدەغەکردنی هاوسەرگیری ببێتەوە، بۆی هەیە راستەوخۆ سەردانی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە بکات.

هاوسەرگیری بە زۆر بەهەمان شێوە بەپێی برگەی (١)ی لە ماددەی (٢) لە (یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستان) ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت و سزای یاسایی بۆ دانراوە کە بریتیە لە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٦ مانگ) کەمتر نەبێت و لە (٣ ساڵ) زیاتر نەبێت، یان بە بژاردن (الغرامە) کە لە (١ ملیۆن دینار) کەمتر نەبێت و لە (٥ ملیۆن دینار) زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەم دو سزایە، واتە دادگا ناتوانێت بەهەردو سزاکە سزای بدات و حەپسی بکات و غەرامەشی لێبسەنێت، بەڵکو دەبێت تەنها بە یەکێک لەو دو سزایە سزا بدرێت.

*** تێبینیەکی گرنگ**

ئەگەر زۆرلێکردنەکە لەلایەن غەیری ئەندامانی خێزانی زۆرلێکراوەکەوە ئەنجامدرابێت وەک کوڕی خاڵ یان کوڕی مام یان غەیری ئەوانە، ئەوا حوکمەکانی یاسای باری کەسێتی جێبەجێ دەکەین، چونکە خاڵۆزا و ئامۆزا ناچنە چوارچێوەی خێزانی کەسە زۆرلێکراوەکەوە، بەڵام ئەگەر زۆرلێکردنەکە لەلایەن دایک و باوک و خوشک و براوە ئەنجامدرا ئەوا لەم حاڵەتەدا حوکمەکانی یاسای (بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی) جێبەجێ دەکەین، چونکە زۆرلێکردنەکە لەلایەن ئەندامانی خێزانی زۆرلێکراوەکەوە ئەنجامدراوە، ئەمەش بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت و حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، بۆیە ئەگەر زۆرلێکردنەکە لەلایەن خودی ئەندامانی خێزانەکەوە ئەنجامبدرێت، ئەوا سزاکەی جیاوازە لەوەی کە لەلایەن کەسێکی غەیری ئەندامانی خێزانەکە ئەنجامبدرێت.

**سەرچاوە:**

١. شیکردنەوەی یاسای باری کەسێتی (هاوسەرگیری، تەڵاق)، د.لوقمان عارف، مامۆستای یاسای باری کەسی.

٢. شرۆڤەی یاسای باری کەسیەتی عێراقی، دکتۆر فاروق عەبدوڵڵا، وەرگێڕانی بۆ کوردی: کۆسار بەرزنجی.

# کچان رو لە خوێندنی یاسا دەکەن

■ نەوژین، ئەسما کەریم

**«بونی ئافرەت لەبەشی یاسادا زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر خۆمان لەناو دادگادا بین وەک پارێزەرێک، دەتوانین زیاتر مافەکانی خۆمان دەستەبەر بکەین و بەرگری لەخانمان بکەین» ئەمە قسەی (نازدارە) کە خوێندکارە لەبەشی یاسای زانکۆی گەرمیان.**

ئەو بوارەی (نازدار) تیایدا دەخوێنێت، یەکێکە لەو بوارانەی کە ژمارەی کچان پێشتر تیایدا سنورداربوە، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە یاسا لە زانکۆی گەرمیان، ژمارەیەکی بەرچاو لە کچان رویان لێی کردوە.

وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوەی هانیداون رو لەو بەشە بکەن، ئەوەیە کە پێیانوایە هاوشانی پیاوان لەو بەشەدا سەرکەوتو دەبن.

نازدار ئیبراهیم محەمەد، ٢٤ ساڵ، خوێندکاری بەشی یاسایە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ئەو دەقانەی لەیاسادا نوسراوە بۆ پارێزەری ئافرەت و پیاو هەر هەمان دەقن، بۆیە کاری پارێزەری بۆئێمەی خانمان هیچ قورس نیە، هەروەک خێزانەکەم پاڵپشت و هاوکاری سەرەکی منن بۆ ئەوەی لەم بەشەدا بخوێنم».

بەشی یاسای زانکۆکە، سێ ساڵ پێشتر کراوەتەوە، تەنها یەک خول خوێندکاری وەرگرت کە ئێستا لە قۆناغی سێ دان، لەکۆی ٥٧ خوێندکاری بەشەکە، ٤٣ خوێندکاریان کچن.

(ساکار) لەبەر کەمی نمرەکەی نەیتوانیوە پێشتر لەو بوارەدا بخوێنێت، بەڵام دوای تەواو کردنی ئەو بەشەی کەلێی وەرگیراوە و سەرەڕای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و خاوەنی دو منداڵە، بەهۆی حەزی زۆری لەو بوارە، دەچێتە زانکۆیەکی دەرەوەی شار بۆ ئەوەی لەزانکۆیەکی ئەهلی بەشی یاسا بخوێنێت.

ساکار جەلیل سابر، ٢٦ ساڵ، خوێندکاری قوناغی یەکەمە لەبەشی یاسا، وتی: «چونکە نمرەکەم زۆر نەبو، بۆیە لە بەشی زانیاری تەکنەلۆجیا (IT) وەرگیرام، حەزم لەوبەشە نەبو دوای تەواو کردنی ئەو بەشە بڕیارم دا بڕۆمە بەشی یاسا کە خولیامە».

وتیشی: ئەو زانکۆیەی کە لێی دەخوێنم لەدەرەوەی شارە و هاوسەرەکەم زۆر هاوکارمە بۆ ئەوەی بەردەوامی بەخوێندنەکەم بدەم، لەکاتی پشودا سەردانی هاوسەر و منداڵەکانم دەکەم.

کاری پارێزەری
بۆ ئێمە هیچ
قورس نیە

خێزانەکان پاڵپشتی هەرە سەرەکی کچەکانیان بۆ ئەوەی بڕۆنە بەشی یاسا، نەک پێیان قبوڵ و ئاسایە، بەڵکو بگرە شانازیەکی گەورەیە بۆیان کە کچەکەیان لەو بەشە بخوێنێت.

ساڵح عەلی، ٣٨ ساڵ، کەپیشەی مامۆستایە، دڵێت: «کچەکەم خوێندکارە لەبەشی یاسا، وەک باوکێک زۆر پێ خۆشحاڵم لەو بەشە دەخوێنێت و شانازی پێوە دەکەم هەروەها پاڵپشتی سەرەکی ئەوم، هیواخوازم لەدواهاتودا ببێت بەیەکێک لەپارێزەرە سەرکەوتوەکان».

بڕێک جار خودی ئافرەتان خۆیانن کە پێیان وایە نەگونجاوە کە خانمان خۆیان لەقەرەی پیشەی پارێزەری بدەن و بڕۆنە ئەو بەشە، چونکە بەهۆی ئەو کەیسانەی لەدادگادا دێتە بەردەستیان رەنگە هەندێکجار توشی هەڕەشە و مەترسی ببنەوە.

رێنما محەمەد، ٢٢ ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە، باس لەوە دەکات ئەو نمرەیەی هەیبوە پێی وەردەگیرا لە بەشی یاسا، بەڵام خۆی پێیخۆش نەبوە ئەو بەشە بخوێنێت، چونکە پێیوایە کارێکی ئاسان نیە بۆ ژن و مەترسی لەژیانی دروست دەکات.

بەڵام ئەم رایە لەلایەن سەرۆکی بەشی یاسای زانکۆی گەرمیانەوە، بەتەواوی رەد دەکرێتەوە.

شەهێن حەسەن، بۆ (نەوژین) باسی لەوەکرد کە زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی لەبەشی یاسادان لەزانکۆی گەرمیان کچن، وتیشی: «هیچ جیاوازیەک لەنێوان کچ و کوڕ دا نیە لەم بوارەدا».



# منالانی فڕێدراو لە گەرمیان چیان لێدەکرێت؟

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**بەیانیەک (سروە) بەهۆی دەنگی گریانی منالێکی کۆرپەوە لەخەو هەڵدەسێت، دەچێتە دەرەوە و دەبینێت منالێکی دو ڕۆژە بەتەنیا لەبەتانیەک پێچراوە و لەپاڵ دیوارەکەیاندا فڕێدراوە.**



سروە، ٣٥ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاریـە، بۆ (نەوژیـن) وردەکاری ئەو روداوەی گێڕایەوە «سـەرەتا کە چومە سـەری بینیم هەمو جەسـتەی تەزیوە، جگە لەدەسـتێ جل و بەتانیەک هیچی پێوەنەبو، دەستبەجێ لەگەڵ کچەکەمدا پاکمان کردەوەو گەرمان کردەوە تاوەکو پۆلیس گەشتنە شوێنی روداوەکە».

دوای رەوانەکردنی منالە بێناسـنامەکە کە لەرەگەزی نێر بوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنـی شـەهید هـەژار لەکـەلار، لەلایـەن کارمەندانی نەخۆشـخانەکەوە دەخرێتە ژێر چاودێری تەندروستییەوە.

چارەنوسـی ئـەو منالـە بێناسـنامە و فڕێدراوانـە، لـەم قۆناغـەدا کۆتایـی پێنایـەت کـە ژیانیان لە مـەرگ رزگار دەکرێت، بەڵکو کۆژانەکانیان بەردەوامی دەبێت.

بەپێـی ئامـاری پۆلیسـی گەرمیـان لەسـەرەتای ساڵی ٢٠١٩ دا دو حاڵەتی دۆزینـەوەی منـاڵ تۆمارکـراوە کـە لە ناحیـەی (رزگاری و زینانـە) بـون و هەردوکیشیان لەرەگەزی نێربون، تەنها یەکێکیشیان لە ژیاندا ماوە.

موقـەدەم: عەلـی جەمـال، وتەبێـژی پۆلیسی گەرمیان، پێیوایە زۆرینەی ئەو منالانەی فڕێدەدرێن، ئاکامی پەیوەندی «ناشەرعیی» نێوان ژن و پیاوەکانن.

وتـی: «هـۆکاری فڕێدانی ئـەو منالانە بـەزۆری بەهـۆی ئەوەیـە کـە بـە شێوازێکی ناشەرعی (زینا) لەدایکبون، لەکۆمەڵگاشـدا ئەوجۆرە منالانە جێیان نابێتەوە».

باسـی لەوەش کرد ئەو منالانە بە پێی یاسـا و بـە فەرمانـی دادوەر، دەدرێن بـەو خێزانانەی منالّیـان نیە و مەرجی پێویستیان تێدایە، بۆ ئەوەی بەخێویان بکەن.

فڕێدانـی منالّ، هاوشـێوەی لەباربردنی بـە کۆرپەلەیـی، بەپێی یاسـا تاوانە، بەوپێیـەی پەیوەنـدی راسـتەوخۆی بەژیان و مردنی مرۆڤەکەوە هەیە.

پارێزەرێـک بـاس لـەوەدەکات کە ئەو تاوانـە لـە یاسـا دا سـزای تونـد بـۆ ئەنجامدەرانی جێگیر کراوە.

پارێـزەر: کۆچەر فایـەق، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «بەپێی مادەی (٣٨١)ی یاسای ژمارە (١١١) سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩)، هەرکەسێک منالّی تازە لەدایکبو فڕێبدات یاخود دوری بخاتەوە یاخـود بیگۆڕێتـەوە، سـزا دەدرێت بە حەپس کردن».

بـەڵام کێشـەی ئـەم جـۆرە تـاوان و حاڵەتانـە ئەوەیـە کـە زۆرجـار ئەنجامدەرانیـان، واتا ئەو ژن و پیاوەی منالّەکەیـان هێناوەتە دونیا و پاشـان فڕێیان داوە، ناناسرێنەوە.

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، لە ئاماژەدان بـەو دو حاڵەتەی دۆزینـەوەی منالانی فڕێـدراو لە گەرمیان، ئەوەی خسـتەڕو کە تۆمەتبارانی ئەو تاوانانە دەسـتگیر نەکراون و لێکۆڵینەوەش لە دۆسیەکاندا بەردەوامە.

کێشـەیەکی تـری ئـەو منالانـەی لـە گەرمیـان فڕێدەدرێـن، ئەوەیە کە هیچ پەناگە و شـوێنێک نیە بۆ دالّدەدانیان، هەتا ئەو کاتەی دۆسـیەکەیان یەکلایی دەکرێتەوە، بەڵکو پاش ئەوەی لە روی تەندروستییەوە دۆخیان جێگیر دەبێت، دەنێردرێن بۆ سلێمانی.

> ژمارەی حاڵەتەکانی فڕێدانی منالانی کۆرپە کەمە

ئەم نەبونی پەناگە و شـەڵتەرە بۆ ئەو منالانـە، وادیارە بـەلای بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیەوە کێشـە نییـە، ئەمـەش بەوتـەی وتەبێژەکەیان.

رائیـد: فریـاد هیدایـەت، وتەبێـژی بەڕێوبەرایەتـی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیـژی خێزانـی لەگەرمیـان، بـۆ (نەوژین) وتی: دروست کردنی شەڵتەر هیچ گرفتێکی بۆ دروست نەکردوین.

وتیشی: «ژمارەی حاڵەتەکانی فڕێدانی منالانی کۆرپە کەمـە، هەربۆیە نەبونی شەڵتەر کێشەی دروست نەکردوە».

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا پلانیان هەیە بۆ دروستکردنی وەها پەناگەیەک؟ وتەبێـژی بەڕێوبەرایەتـی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیـژی خێزانی لەگەرمیـان، وتـی: «تائێسـتا بیرمان نەکردوەتـەوە کـە شـەڵتەر دروست بکەیـن بۆ دالّدەدانیـان، بەوهۆیەی لەم حاڵەتانەدا روبەروی کێشـەیەکی ئەوتۆ نەبوینەتەوە».

---

# لە پەروەردەکردنی منالّەکەت دا رەچاوی ئەم خالانە بکە

▪ نەوژین،
ئامادەکردنی: نەسرین عەلی

**منالّ زۆر هەستیارە، شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتی دایک و باوک و دەوروبەر زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی منالّ لە ئایندەدا، هەر بۆیە نابێت کەمتەرخەمبین لە ئاست پەروەردەکردنیان دا، چونکە هەرچۆنێک پەروەردە بکرێت بەوشێوەیە دروست دەبێت چ باش بێت یاخود خراپ.**

لێـرەدا دەمانەوێـت ٧ خاڵـی گرنـگ بخەینـە بەر باس کە یارمەتیمان دەدات منالّەکانمـان بە شـێوەیەکی دروسـت پەروەردە بکەین.

### ١. کات بۆ منالّ تەرخان بکەن

کات تەرخانکـردن دەبێتـە بنەڕەتێکی دامـەزراو بـۆ پەروەردەکردنـی منـالّ، گرنگی بە ویست و ئارەزوەکانیان بدەین، لە گـەڵ ئەوەشـدا گوێیـان لێبگیرێت، ئەگەر ئەمە رەچاوبکرێت ئەوا ناسـینی کەسـێتی منالّەکە و ئاشنابون نییە بە ناخی، بەڵکو دەبێتـە نمونەیەکی باش بۆیـان کە چـۆن هەڵسـوکەوت بکەن، منـالّ ئەو شـێوازە رەفتـارە فێردەبێت کە لەگەڵیـدا دەنوێنرێت. بەوشـێوەیە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی هەیە لەسـەر کەسایەتی و ناخی منالّ.

### ٢. گرنگی منالّ بۆ دایک و باوک

زۆربەی منالّەکان ئاگاداری ئەوە نین کە چەنـدە بەلای دایـک و باوکەوە گرنگن، بەشـێوەیەک دەکرێت بڵێیـن گرنگترین مرۆڤی دنیان، بۆیان پێویسـتە ئەمە لە زمانی دایـک و باوکەوە گوێیان لێبێت، بـە وتنـی ئەم رسـتە و دەسـتەواژەیە هەسـتێکی تایبـەت بـۆ منالّ دروسـت دەبێت و هەست دەکات کەسانێک هەن ئەویان بەلاوە گرنگە، بەمەش ئەو منالّە متمانە بە خۆبونی زیاددەکات.

### ٣. راهێنان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر

منالّ فێری ئەوە بکرێت شتێکی ئاساییە کـە کێشـەیەک یاخـود بارودۆخێکـی نەخـوازراو دێتـە پێشـەوە، گرنگـی لەوەدایـە چۆن بتوانێت بەسـەریدا زاڵ بێت و بە خراپی نەشکێتەوە بەسەریدا. نابێـت کە منالّ مەیلی لە شـتێک نەبو بە زۆر بەسـەریدا بسـەپێنرێت، بەڵکو هۆکاری حەزلێنەبونی بزانرێت باشـترە بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت لـەو رێگەیـەوە هـەر گرفتێکـی هەبێت چارەسـەری بۆ بدۆزێتـەوە. بۆ نمونە: ئەگـەر منالّ لە پـڕ ویسـتی واز لە مەشـقی تۆپی پێ بهێنێـت، داوای لێبکەن کە رونکردنەوە بدات سـەبارەت بە هۆکاری وازهێنانی، ئەمە بـۆ ئەوەیە نەکا توشـی گرفتێک یاخود کێشـەیەک بوبێتەوە و نەتوانێت روبەڕوی ببێتەوە و بیەوێت لێی رابکات. پێویسـتە پەروەردەکارانـی یارمەتـی بدەن لە دۆزینـەوەی دەرفەتێکی تر بۆ یاریکردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش، تاکو توشی گرێی دەرونی نەبێت.

### ٤. داواکردنی یارمەتی لە منالّ

منالّ ئەو شتانەی لە دەروبەری رودەدەن و هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی دەوروبەری بە زویـی کاری تێدەکەن، چونکە منالّ تـا تەمەنێکی دیاریکراو وەرگرە و زیاتر هەڵسـوکەوتەکانی لاسـاییکردنەوەیە لەوەی کە سیفەتی تایبەتی خۆی بن.

کاتێـک منـالّ لە لایەن دایـک و باوکی یان کەسـانی دەروبەری داوای یارمەتی لێدەکرێت هەستێکی خۆشی بۆ دروست دەبێت، متمانـەی بە خۆی زیاد دەکات و هەسـت دەکات کـە توانـای ئـەوەی هەیە یارمەتی کەسـانێک بـدات، دواتر لـە بەرامبـەردا سوپاسـی بکرێـت و هەندێکجاریش لەبەرامبـەر یارمەتیدانی پاداشـت بکرێـت، ئەمە شـتەکە زیاتر کاریگەرتر دەکات.

### ٥. رەواندنەوەی هەستی خراپی منالّ

منـالّ بـە ئاسـانی ناتوانێـت زاڵ بێت بەسەر شەپۆلەکانی ناخیدا لەبارودۆخە جیاوازەکانـدا، بۆیە پێویسـتە لەسـەر دایـک و بـاوک و کەسـانی دەوروبەری یارمەتیبـدەن لەڕوبونـەوەی هەسـتە خراپەکانی و لەگەڵیان بجەنگێ.

هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی کە هەستی خـراپ و بیرکردنـەوەی نەگونجاو هەیە بۆ قوتاربونیان لەدەسـت ئەو ئاڵۆزییە دەرونیـەی کە توشـیان بـوە، ئەمەش دەبێتـە هـۆی سـەرکەوتن و زاڵبـون بەسەر شکست و ناڕەحەتییەکان.



### ٦. دەبێـت منـالّ فێربکرێـت و تێبگەیەنرێت

زۆربـەی منالّـەکان تەنهـا دنیـای بچوکـی منالانـەی خۆیـان دەبینـن لـە چوارچێوەیەکـی دیاریکـراودا، وا دەزانـن کـە دنیـا تەنهـا خانـەوادە و کەسـە نزیکەکانیـان و کەرەسـتەی یارییەکانیانە، ئەرکی سەرشـانی دایک و باوک و پەروەردەکارانە کە ئاشـنایان بکەن بە دنیـای دەرەوەی چوارچێوەی تەسـکی خۆیـان، ئەوەش بـە جۆرێک بێـت رەچـاوی تەمەنی منـالّ و جۆری رونکردنـەوەکان بن بە ئاقاری خراپ دا نەچن.

ژینگـەی دەرەوەی خێـزان لـە روی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و جوگرافییەوە جیـاوازە لـەوەی کـە منـالّ تیایدایە و دەیزانێت.

### ٧. منالّ فێری گوێگرتن بکرێت

ئـەو کاتـەی منـالّ گوێدەگرێـت ئـەوا خەریکە ئەوەی لە دەوربەری دەگوزەرێت تۆماری دەکات و دواتر دەینوێنێت، بۆیە دەبێت رابهێنرێت کە گوێگر بێت و شتە باشەکان وەربگرێت، بەو شێوەیە فێری ئـەوە دەبێـت کاتێـک لە شـوێنێکدایە کەسـانی لە خۆی گەورەتـری لێیە کە گوێیان لێبگرێت و قسەیان پێنەبڕێت و ئاڵۆزی دروست نەکات.

لەبەرامبـەر ئەوەشـدا گـوێ لـە منالّ بگیرێـت تـا ئـەو هەسـتە خۆشـە تاقیبکاتەوە کە کاتێک قسە دەکات ئەو کەسەی بەرامبەرێتی بە باشی گوێی بۆ دەگرێت و وردە وردە لە خۆیدا پەیڕەوی دەکات.

# داخورانی ئێسک چیە و کەی دەرزی چارەسەر بەکاردەهێنرێت؟

## پزیشکێک: قەڵەویی و بۆماوەیی ڕۆڵی لە نەخۆشیەکەدا هەیە

**▪ نەوژین، شەیما عەدنان**

**پزیشکێک باس لەو هۆکارانە دەکات کە دەبنە هۆی حاڵەتی داخورانی ئێسک و جومگە، هەروەک بە وردیش لەسەر چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانە بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی دەرزی دەوەستێت.**



لە میانەی دیدارێکدا (د. هەڤین کەمال شاە محەمەد)، پسپۆڕ لە زانستی ئازار و بێهۆشکاریی و شارەزا لە چارەسەری بڕبڕەی پشت و نەخۆشی جومگەکان بەبێ نەشتەرگەری و ئەندامی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ ئازارشکاندن، باس لە نەخۆشی داخورانی ئێسک و هۆکارەکان و چۆنیەتی چارەسەر کردنی نەخۆشیەکە دەکات لەڕێگەی بەکارهێنانی دەرزیەوە.

* سەرەتا با بەو پرسیارە دەست پێبکەین: داخورانی ئێسک چیە؟
نەمان و کەمبونەوەی کرکڕاگەی دەوری ئێسکەکەیە، لەگەڵ کەمبونەوەی لینجی نێوان ئێسکەکان.

* هۆکارەکانی ئەم داخورانە چیە؟
چەند هۆکارێک هەیە، لەوانە: تەمەن کە لەسەروی ٥٥ ساڵەوە کەسەکان زیاتر توشی داخورانی ئێسک دەبن، قەڵەوی، هۆکاری بۆماوەیی، نارێکی لە جومگەدا بەهۆی زگماکی یان ڕوداو.

* نیشانەکانی داخورانی ئێسک چیە؟
بەگشتی ئەم نیشانانە هەیە: ئازاری ئێسک و جومگە، ئاوسانی جومگە، کەمبونەوەی جوڵە لە جومگەکەدا یان زۆرجار نەخۆش گوێی لە تەقەی جومگەی دەبێت لەکاتی جوڵەدا.

* بۆ چارەسەر هەندێکجار دەرزی بەکاردەهێنرێت، ئەو حاڵەتە چۆنە و تاچەند بەسودە؟
یەکێک لە ڕێگا چارەکان بۆ نەهێشتنی ئازاری ئەژنۆی داخوراو و هەوکردنی جومگەی ئەژنۆ لێدانی دەرزی ناو جومگەیە، بەڵام هەڵبژاردنی جۆری دەرزییەکە هەمیشە کاری پزیشکی پسپۆڕە، ئەو دەزانێت چ جۆرێک باشە بۆ چ نەخۆشێک، ئەویش بەپێی تیشک و پشکنینی ئەژنۆ.

* جۆری دەرزیەکان چین؟
دەرزی ستیرۆیدەکان، دەرزی پلازمای چڕ بە خەپلەکانی خوێن (PRP)، دەرزی لینجی (viscosuplement)، دەرزی پرۆلۆسیراپی لەگەڵ گازی ئۆزۆن، یاخود کۆکردنەوەی دو جۆر دەرزی لەهەندێکجاردا.

* ئایا دەرزیەکان لێکەوتە و گاریگەری خراپیان هەیە؟
بەڵێ، هەر دەرزیەک گاریگەری باش و خراپیشی هەیە. بۆنمونە: دەرزی ستیرۆیدەکان، ئازارشکێنە و دژە هەوکردنیشە، بەڵام هەندێک نەخۆش سودی لێوەرناگرن و لەوانەیە بەس کاتێکی زۆر کورت سودی لێ ببینێت، لەبەرئەوەی زیانی هەیە بۆ ماسولکە و بێهێزکردنی جومگەکان، بۆیە ناتوانرێت زۆر بەکاربهێنرێت.
هەروەها دەرزی پلازما، یارمەتی دروستبونەوە و زیادکردنی خانەی کرکڕاگەی جومگە دەدات، هەروەها گواستنەوەی سیگناڵی ئازار کەمدەکاتەوە، بەڵام ڕێنمایی زۆرە و دەبێت هەموی جێبەجێ بکرێت، بەپێچەوانەوە سودەکەی تەواو نابێت.
بەڵام هەرچی دەرزی لینجیە، ئەوا یارمەتی زیادکردنی لینجی و چەورکردنی جومگەکە دەدات و زبریی و بەرکەوتنی ناو جومگەکە کەم دەکاتەوە و زیانی لاوەکی نییە و دەرزیەکی سەلامەتە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دوبارەکردنەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی نەمانی سود و زیاتر داخورانی جومگە.
هەرچی دەرزی (پرۆلۆسیراپی) یە، ئەمیش یەکێکە لەتازەترین چارەسەرەکان کەماددەی دیکستڕۆز بەکاردێت بۆ ناو جومگەی ئەژنۆ، یارمەتی دروستکردنەوەی خانە لە ناوچوەکان دەدات و گەشەیان پێدەکات و کۆنترۆڵی ئازار دەکات. خراپیەکەی ئەوەیە لەبەرئەوەی دیکستڕۆز ماددەیەکی وروژێنەرە و هەوکردن دروست دەکات، لەوانەیە هەفتەی یەکەم نەخۆش ئازارێکی بێزارکەری بۆ دروست بێت و هەروەها بە چەند کۆرسێک ئەنجام دەدرێت دەبێت هەموی تەواو بکرێت.

* هەندێکجار ٢ دەرزی بەکاردەهێنرێت، بۆچی؟
بەکارهێنانی دو دەرزی لەکاتێکدا دەبێت کە بەیەک جۆر دەرزی چارە نەبێت و داخورانێکی زۆر هەبێت، تێکەڵکردنی دو جۆر یان زیاتری چارەسەر هەمیشە کاریگەریەکی باشی هەیە، ئەویش پزیشکی پسپۆڕ بڕیاری لەسەر دەدات، خراپیەکەیشی ئەوەیە کە لە ڕوی تێچونەوە گرانترە.

* لە بەکارهێنانی دەرزی دا وەکو چارەسەر، ڕێنماییتان چیە؟
لەگەڵ ئەوەی ئەم دەرزییانە هەمویان باشییان سەلمێنراوە بۆ ئەژنۆکان، بەڵام دەبێت ئەوە ڕەچاوبکەین کە دوای هەمو دەرزییەک ڕێنماییە تایبەتەکان بەو دەرزییە بە تەواوەتی جێبەجێ بکەین، لەگەڵیشیدا وەرزش و چارەسەری سروشتی ئەنجام بدەین و دوربکەوینەوە لە ئەنجامدانی جوڵەی هەڵە.

# خەمۆکی دوای مناڵبون



**▪ نەوژین،**
**ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد**

**خەمۆکی دوای مناڵبون یەکێکە لەو کێشانەی توشی ٨٠٪ی ژنان دەبێت، ماوەی دو هەفتە دەخایەنێت، بەڵام جۆرێکی تری خەمۆکی هەیە کە زۆر سەختترە لە ١٠-١٦٪ی ژنانی مناڵبو دا دەردەکەوێت، بۆ نمونە ئەگەر ژنێک لەکاتی دوگیانیدا کێشەیەکی هەبێت و حاڵەتی دەرونی جێگیر نەبێت، بۆی هەیە زیاتر توشی خەمۆکی دوای مناڵبون ببێت، ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە گۆڕینی هۆرمۆناتی کاتی دوگیانییەوە هەیە نەک تێکچونی هۆرمۆنات.**

لەنیشانەکانی ئەم حاڵەتە بریتین لە: دڵتەنگی، دودڵی و ناجێگیری باری دەرونی لەگەڵ خەوزڕان، ئەگەر ئەم نیشانانە لە دوهەفتە زیاتر مایەوە پێویستە سەردانی پزیشکی دەرونی بکەیت، چونکە ئەگەر حاڵەتەکە بوە حاڵەتێکی درێژ ماوە، وا دەکات ئافرەتەکە گرنگی بە خۆی و مناڵەکەی و کاروباری ڕۆژانە نەدات و هەندێکجار لەوانەیە ئازاری مناڵەکەی بدات.
باشتر وایە دوای مناڵبون لەلایەن کەسانی دەوروبەر و نزیکی ئەو دایکە، هەوڵ بدرێت بۆ نەمانی کێشە و تێکچونی باری دەرونی ئەو خانمە، ئەگەر لەو کاتەدا کێشەیەک هەبێت، بۆ نمونە: لەدەستدانی مناڵ و تەنیایی، ئەمانە هەمو هۆکارن بۆ زیاتربونی ڕێژەکە.
مناڵبون بە نەشتەرگەری کاریگەری زیاتر دەبێت بۆ توشبون بەم حاڵەتە، هەروەها ڕەگەزیش کاریگەری هەیە لای ئەو خانمانەی کە خۆیان حەزیان بەبونی ڕەگەزێکەو کە مناڵەکەیان دەبێت ڕەگەزێکی ترە.

> **٨٠٪ی ژنان توشی خەمۆکی دوای مناڵبون دەبن**

### چارەسەرەکان چین؟
پێویستە خێزانەکەی و بەتایبەت هاوسەرەکەی لە ماوەی ٤٠ ڕۆژی دوای مناڵبون، زیاتر گرنگی پێبدات و لێی نزیک بێت، بۆ ئەوەی زۆربەی کات پێکەوە بن و چاودێری بکات.
باشتر وایە مناڵ لە دایکی نزیک بێت، ئەرکی بەخێوکردن و چاودێری مناڵ لە ئەستۆی دایکەکەدابێت، خۆی لەگەڵ مناڵەکە خەریک بکات و چواردەوری چۆڵ نەکرێت. هەروەک هەندێک حاڵەت هەن تەنها بە دەرمان چارەسەر دەکرێن، ئەگەر دایکەکە چارەسەر نەکرێت لە کاتێکدا پێویستی بە چارەسەربێت، بۆی هەیە ببێت بە تێکچونی باری دەرونی ئەو دایکە بەتەواوی و ئەمەش ئەگەری چەندین حاڵەت و ڕوداوی نەخوازراو زیاتر دەکات.

### چی بکرێت؟
بەداخەوە هەروەکو حاڵەتە دەرونیەکانی تر لەم حاڵەتەشدا زۆرێک لە ژنان شەرم دەکەن لەوەی پزیشک و کەسی نزیک ئاگاداربکەنەوە لە هەستەکانیان.
ئەم خەمۆکییە بە هیچ جۆرێک نیشانەی لاوازی کەسێتی توشبو نیە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە لەکاتی سکپڕیدا هۆرمۆنەکانی ژنانە بە ڕێژەی ١٠ هێندەی ئاسایی و هۆرمۆنی ئیندرۆفین (دڵخۆشکەر) بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبنەوە، بەڵام دوای مناڵبون لەپڕ دادەبەزنەوە و بەهۆی هەستیاری سیستەمەکانی لەشی هەندێک لە ئافرەتانەوە، کاریگەرییەکانیان توندتر دەردەکەوێت و هیچ دەستی خۆیانی تێدا نیە.
هەروەک زۆربەی هەرەزۆری توشبوانی ئەم حاڵەتە، دوای سەردانی پزیشکی دەرونی بەتەواوی چاک دەبنەوە.

# دایکی ئاریان و 50 ساڵ کاری هونەریی



«هونەر لە ناو خەڵکدا ڕێزی پێبەخشیوم»

«ئاواتمە ژیانی (وەلی دێوانە) بکرێتە فیلم و ڕۆڵی تێدا ببینم»

■ نەوژین،
ئامادەکردنی: شاران بەرزنجی

**ئەو کاتەی دەرکەوتنی ژنی کورد لە فیلم و شانۆکاندا کارێکی مەحاڵ و قبوڵ نەکراو بو، دایکی ئاریان (عەتیە خان) بێ گوێدانە ئەو بەربەستانەی کە دەهاتنە پێشی ژنان لە کاری نواندندا، دەستی بەکاری نواندن کردوە.**
**دایکی ئاریان ٥٠ ساڵە تەختەی شانۆ و شاشەی تەلەفزیۆنەکانی کردوەتە مینبەری گەیاندنی دەنگی ژنان.**

لەکاتێکدا ئێستاش بۆ ژنان ئاسان نیە کاری هونەریی و بەتایبەتی نواندن بکەن، کەچی ژنێک پێش ٥٠ ساڵ بەبێ گوێدانە ڕێگری و ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکان، وەکو ئەکتەرێکی بوێر چوەتە سەر تەختەی شانۆ و لە شاشەکانەوە دەرکەوتوە. پاش ئەو تەمەنەش ئاوات و خواستی ئەوەی هەیە کە بەردەوام بێت لە کاری هونەریی.

مێژوی هونەریی کوردی لە باشوری کوردستان، ئەگەرچی ژمارەی ژنە هونەرمەندی زۆر نیە، بەڵام خاڵیش نیە لە دەنگ و ڕۆڵبینی ژنان، یەکێک لە دیارترین ئەو ژنانەش کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە، (عەتێ خان)ە کە بە (دایکی ئاریان) ناسراوە.
(دایکی ئاریان)، ناوی تەواوی (عەتیە محەمەد ئەمین)ە، ساڵی ١٩٥٠ لە شارۆچکەی پێنجوێنی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایکبوە، دواتر چونەتە گەڕەکی مەڵکەندی لە سلێمانی و لەوێ گەورە بوە، لەگەڵ ئەوەی لەتەمەنێکی کەمی منداڵییدا ژیانی هاوسەرگیریی پێکدەهێنێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەردەوام توانای لابردنی بەربەستەکانی هەبوە، قۆناغەکانی خوێندن تەواودەکات.
ئەو لەگەڵ خێزانەکەی دا پاش ئەوەی بۆ ژیان ڕودەکەنە شاری بەغدا، تێکەڵ بە کاری هونەریی دەبێت و لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەمجار دەچێتە سەر تەختەی شانۆ، ئیتر لەوە بەدوا لە زۆر شانۆگەری و دراما و فیلم و زنجیرەدا بەشداریی دەکات.
سەرەتاییترین ئەو کارە هونەریانەی (دایکی ئاریان) بەشداری تێدا کردوە، بریتی بون لە: (گەزی چی و چاوی چی، خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە و مشتەی ناو هەمانەکە).
ئەم ڕۆڵبینین و بەشداریە بۆ (دایکی ئاریان) هەروا ئاسان نەبوە، بەڵکو ڕوبەڕوی زۆر سەختی و قسە و توانج بوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کەسوکارەکەی بەم ڕۆڵبینینەی ئەو قەڵس بون و تا بەوە گەیشتوە داوا بکەن بکوژرێت و لەناو ببرێت.
بەڵام ئەوەی ڕویداوە پێچەوانە بوە، چونکە خۆی هیچ گوێی بەو قسانە نەداوە، لە گەڵیشی دا خێزانەکەی زۆر پشتگیر و پاڵپشتی بون و هاوکاری بون بۆ بەردەوام بون لەسەر ئەم ڕێچکە هونەرییە.
(دایکی ئاریان) بەشداری زۆر دراما و کاری هونەریی کردوە، بە زۆریش لەڕێگەی هەردو تیپی شانۆی سالار و هاوڕێیانی گەزیزەوە، بەشداری لە کارەکان دا کردوە، جگە لەو شانۆگەریانە، (بوکی ژێر دەواری ڕەش) و (نێرگز بوکی کوردستانە) لە دیارترین ئەو درامایانەن کە ڕۆڵی تێیاندا گێڕاوە.
بەشداریەکانیشی بەردەوام بون تائێستا و لەم دواییانەدا بەشداریی لە زنجیرە درامای (گەردەلول) و (کەرکوک چوار) و هەروەها فیلمی سینەمایی (بەپێی دەستور) دا کردوە.
ئەوەی (دایکی ئاریان) لە ژنانی دیکەی هونەرمەند جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو بەردەوامە لە کاری نواندن، هەروەک بە شانازیشەوە لەبارەی کارە هونەریەکانی دەڵێت: «هونەر لە ناو خەڵکدا ڕێزی پێبەخشیوم، ڕێزی ئەوان لە بچوکەوە تا گەورە بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە».
حەزی ئەو بۆ کاری هونەریی لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی دا کۆتایی نەهاتوە، بەڵکو ئێستاش دەخوازێت لەو تەمەنەی کە ماویەتی درێژە بەکاری هونەریی بدات، دەڵێت: ئاواتم ئەوەیە ژیانی (وەلی دێوانە) بکرێتە فیلمی سینەمایی و من ڕۆڵی سەرەکی ببینم لەو فیلمەدا.

*سود لە وێبسایتەکانی (ڕۆژنیوز) و (ئێن ئارتی) وەرگیراوە.

# ئەم 10 ڕێنمایە لە ئارایشت دا پشتگوێ مەخە



■ نەوژین،
ئامادەکردنی: سیوە محەمەد

**بێشک تۆی خانم لە زۆر حاڵەت دا دوچاری ئەو دڵەڕاوکێیە دەبیت کە چ ئارایشتێک و چۆن ئارایشتێک بکەیت بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوە دەربکەویت؟ بەدڵنیاییەوە پێویستت بە چەند تێبینی و ڕێنماییەک هەیە بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا بەهاناتەوە بێت.**

لێرەدا چەند ڕێنماییەکتان بۆ دەخەینەڕو کە لەلایەن پسپۆڕانی ئارایشت و جوانکارییەوە ئاراستەی خانمان کراون.

١. بەبێ پرایمەر هەرگیز ئارایشت مەکە. سەرەتای ئارایشتەکەت بە لێدانی پرایمەر دەستپێبکە، ئەمە جگە لەوەی چاڵ و چۆڵی و کونیلەکانی ڕوخسار پڕدەکاتەوە، ڕەونەق و جوانییەکی تایبەتیش بە ڕوخسار دەبەخشێت و پارێزگاری زۆر لەمانەوەی ئارایشت دەکات لەسەر ڕوخسار.
٢. کاتێک ئەساس (فاوندەیشن) لە ڕوخسارت دەدەیت، بۆ ماوەی ٥-١٠ خولەک وازی لێبێنە تا بەجوانی تێکەڵ بەڕوخسارت دەبێت و بڵاودەبێتەوە و شێوەی خۆی وەردەگرێت، ئەمەش ناهێڵێت ڕەنگی ڕوخسارت تەڵخ دەربکەوێت.
٣. زۆر بەتەنکی و بە ئیسفەنجێکی تایبەت یاخود بە پەنجەت ئەساس بدە لەو شوێنانەی ڕوخسارت کە پێویستیان پێی هەیە، پاشان هەوڵبدە تەنکە ئارایشتێک بکەیت، چونکە ئارایشتکردنی زۆر دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەنگ و ڕوخسارت تەڵخ و ناڕون دەربکەوێت.
٤. ئەو کاتەی ئارایشت دەکەیت پێویستە لەشوێنێک بیت ڕوناکییەکی سروشتی هەبێت، نە تاریک بێت، نە زۆر ڕوناک بێت، ئەمەش یارمەتیدەرت دەبێت بۆ ئەوەی ئارایشتێکی سروشتی و جوان بکەیت و زیادەڕەوی بە ئارایشتەکەتەوە دیار نەبێت.
٥. پاش ئەوەی ئارایشتەکەت کرد لەڕێی ئەو ئیسفەنجە تایبەتەوە کە لەناویایەتی، ئەساسەکە بەڕوخسارتەوە ڕێک بخەرەوە.
٦. بە کلێنس یان ئەو ئیسفەنجەی کە ئەساسەکەت پێ کردوە ئەو وردە ڕەشاییانەی دەوروبەری چاوت بسڕە و پاش ئەوەی ناو چاوت ڕەش کرد و ئارایشتی پشتچاوت کرد، ئەساس بدە لەژێر چاو و لاکانی بۆ ئەوەی ئەو ڕەشییە بشاریتەوە کە داباریوەتە خوارەوەی چاو و سەر کوڵمەکانت.
٧. ئەو کەرەستانە بۆ ئارایشتکردن بەکاربێنە کە لەپێکهاتەکەیاندا بۆدرە هەیە نەک کرێم، چونکە ئەو ئارایشتانەی کرێم لەپێکهاتەیاندا هەیە، وا دەکات ئارایشتەکەت زو تێکبچێت و تەڵخ بنوێنێت.
٨. وریابە کاتێک قەڵەم لێو و قەڵەمی چاو ڕەشکردن دەکڕیت، بەشێوەیەک بێت چەورایان تیا بێت و وشک نەبن.
٩. هەمیشە پێش سوراوکردن خەتی لێو بە قەڵەم لێو بکێشە، ئەمەش جگە لەوەی لێو ئەستور و جوان دەردەخات، ڕێگە نادات سوراوەکە بۆ دەرەوەی لێو دزە بکات.
١٠. بۆ ئەو خانمانەی کە پێستیان چەورە، باش نییە بۆماوەیەکی زۆر ئارایشت بە ڕوخساریانەوە بمێنێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی تێکچون و پیسونی پێستیان، ئەمە جگە لەوەی زۆرمانەوەی ئارایشت لەسەر پێستی چەور، ڕەونەقە جوانەکەی ناهێڵێت و تەڵخ پیشانی دەدات، بۆ خۆپاراستنیش لەمە، باشترە ڕوخسارت بە پاکژکەرەوە شلەکان «سائیل و کلینەر» پاکبکەیتەوە.

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# کچێک سیرامیک دەکاتە پیشە

▪ نەوژین، فاتمە جمعە

**پێشانگایەکی کاری دەستیی خێرخوازیی کە بۆ نەخۆشانی شیرپەنجە ئەنجامدراوە، سەرنجی (تیشکۆ) رادەکێشێتە سەر جۆرێکی تایبەت لە هونەر، کە وەک دواتر بۆی دەردەکەوێت ناوی (سیرامیک) ە، ئەمەش دەستپێکی ئاشنایەتی ئەو بەو هونەرە دەبێت و دواتر تیایدا قاڵ دەبێت.**

تیشکۆ تەیب، ٢١ ساڵ، کچە خوێندکارێکی زانکۆیە، لە پاڵ ئەم ئەرکەی دا ماوەی نزیکەی ساڵێکە خەریکی کاری سیرامیکە و بەتایبەتی لە بواری ئیکسواراتی خانمان دا کاردەکات. لە دیدارێکی (نەوژین) دا، باسی لە هەنگاوەکانی خۆی لەم بوارەدا کرد.

«من ماوەی دوساڵ دەبێت کاری دەستی دەکەم، ماوەی ساڵێکیشە و لەدوای ئاشنا بونم بەکاری سیرامیک، من و خوشکەکەم بڕیارماندا کە دەست بەم کارە بکەین، لە رێگای ئەو زانیاریی و فیرکارییانەی کە لە ئینتەرنێت دا هەیە توانیم فێری کارەکە بم».

(تیشکۆ) بەم قسانە دەستی پێکرد.

دواتر هاتە سەر ناساندنی کارەکەی و ئەو مادانەی کە بەکاری دەهێنێت، ئامارژەی بەوەکرد سیرامیک لە روی دەرەوە دا لە قوڕی دەستکرد دەچێت، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە کێشی سوکە و ئیشکردن لەسەری ئاسانە.

وتی: سیرامیک لە نیشاستە و گلیسرین و هێڵم پێکدێت، ڤازلینی بۆ زیادەکرێت تاکو نەلکێت بەدەستەوە لەکاتی ئیشکردن دا، هەندێکجار ئاوی گوڵی بۆ زیادەکرێت بۆئەوەی بۆنێکی خۆش لەو شتانە بدات، لەگەڵ بۆیەی زەیتی بۆ رەنگ کردن، لەکاتی وشک بونەوەش دا بە بۆیە رەنگی دەکەین و رەونەقی پێدەدەین.

(تیشکۆ) جیاواز لە کارەکەی، خوێندکاری بەشی وەرزشی زانکۆی گەرمیانە، وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات خوێندن لەو بوارەدا خەونی بوە.

«خولیای منالّی خۆم بو کە لەو بەشە بخوێنم، رێگری زۆرم بۆ دروستبو لەو کاتەی بڕیارم دا لەو بەشە بخوێنم، چونکە پێیان دەوتم وەرزش بۆ کچ نابێت، بەڵام من هەوڵی زۆرم دا تابگەم بەو بەشە».

لەسەرەتادا کارەکانی (تیشکۆ) سنوردار بوە، بەڵام دواتر پەرەی پێداوە، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش لەم پەرەپێدانەدا هاوکاری بوە.

وتی: سەرەتا کارەکانم سنورداربو، بەڵام دواتر لەرێگای دروستکردنی پەیجێکەوە لە فەیسبوک، بەرهەمەکانی خۆم بڵاودەکردەوە و دەمناساند، ئەمەش وایکرد کڕیارێکی باش بۆ بەرهەمەکانم دروست ببێت و کارەکانیشم بەرەوپێشەوە بچن.

ئەم بەرەوپێشەوەچونەش سەرنجی کڕیارانی زیاتر بۆلای خۆی راکێشاوە و بون بە کڕیاری بەردەوامی.

زریان خورشید، ١٩ ساڵ، خوێندکار، یەکێکە لە کڕیارەکانی بەرهەمە سیرامیکیەکانی (تیشکۆ). وتی: لە بۆنەکانی نەورۆز و جەژن دا زۆربەی ئیکسسوارەتەکانم لای تیشکۆ دەکڕم، بەتایبەت کارە سیرامیکیکەی زۆر سەرنجم رادەکێشێت، بەنرخیکی زۆر گونجاو و بەشێوەیەکی زۆر جوان بۆمی دروست دەکات.

کڕیارێکی تر پێیوایە ئەو بەرهەمانەی سیرامیک تایبەتن، بۆیە دەیانکڕێت.

پەیام نەسرەدین، ٢٥ ساڵ، مامۆستا، وتی: ئەو ئیکسسواراتانەی لەلایەن ئەم کچەوە دروست دەکرێت تایبەتن و کەمتر شێوەی دوبارەی تێدایە.

> هاوکاری ئەوانەش دەکەم دەیانەوێت ئەم کارە فێر ببن

> دەمەوێت ببینە خاوەنی براندێکی تایبەتی خۆمان

ئەم پێشوازیە گەرمە لە بەرهەم و کارەکانی، هانی (تیشکۆ)ی داوە کە بیر لە برەودان بە کارەکەی و گەورەتر کردنەوەی بکات، تادەگات بەوەی ببێت بە خاوەنی براندنی تایبەت بە خۆی، بەڵام نایەوێت ئەم کارە بەتەنیا بکات.

«بەپێی توانا هەر کەسێک داوای فێربونم لێبکات لە بواری سیرامیک دا، هاوکاریم کردوە و هەوڵمداوە فێری بکەم، ئیستا لەهەوڵی گەورەکردنی کارەکەمم و دەمەوێت لەگەڵ هاوڕێ کچەکانم دا ببینە خاوەنی براندێکی تایبەتی خۆمان». (تیشکۆ) بە رویەکی خۆش و نیگایەکی گەشبینانە و دەنگێکی جیدییەوە، ئەم بڕگەیەی وت.





